PDF4Kurd

پێشەکی

چامـــەی پەخشـــان[١] لـــە پەخشـــانی ئاســـایی خوازراوەو ڕازاندنەوە یان زەخرەفەی تیا نییە، بەڵام وشـەکانی بـە هـێزێکی نادیـار بارگـاوی کـراون کـە تەوژمی شیعریەتی پێدا دەڕوات وەك چۆن "تەوژمی کارەبا بـە نـاو تـەلێکی ئەستوردا دەڕوات هـەتا لـەپڕ لەناو ڕوناکیدا نوقممان دەکات".

ئێمـە لـە بابـەتێکی سـنورو شـێوەو ڕوخسـار نائاشـکرادابین جارجـارەش حـەنین و شـەیدایی بـۆ شیعری کلاسیکی ئەمانهەژێنێت کە لەگەڵ یـەکتریدا تەواو جیاوازن.

سەردەمی کلاسیزم ڕقی لە چامەی پەخشان بـوو، وەك جۆرێکـی نارەسـەن و دڕندەیـەکی بێزارکـەری دەبینـی. لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆتـایی سـەدەی هـەژدەو سەردەمی ڕۆمانسیزم ڕاپەڕین بەسەر ئەو جیاوازیکاریـە بێبەزەییـەی نێـوان پەخشـان و شـیعردا و ئـەوەیان سـەلماند کـە شـیعر "پێشـوەخت" لـەناو فۆرمێکـی

PDF4Kurd

دیاریکراودا خۆی حەشار نەداوە. هەروەها هەندێك ڕەچاوی ئەوەیانکردوە کە تەنها هونەری هۆنینەوەی شیعری بەس نییە بۆ دروستکردنی شاعیران، پەخشان بە پێچەوانەی ئەوەوە، بۆ شیعر دەشێت.

دیی بوس دەڵێت: "زۆر چامەی جوان هەن کە دێڕە شیعریان[٢] تیانییە، هەروەها زۆر دێڕە شیعریش هەن کە شیعریان تیا نییە".

ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە شیعر پەیوەستە بە مۆسیقاو کێشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئیقاعی ڕستەو پەیوەندی نێوان دەنگ و واتاو هێزی وشە سروش بەخشەکان[٣] لە فۆرمە ڕێکخراوە کە جیانابێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم فۆرمە چەقی بەست و لە چوارچێوەی کێشی ئەسکەندەریدا خۆی گرموڵەکردو شاعیرەکانی بە تەنها کرد بە هۆنەری شیعری (ئەمەی کە لە سەدەی هەژدەدا ڕوویدا) ئەو کاتە زۆر پێویست دەکات کە فۆرمێکی نەرم و نیانتر و سەربەستتر بدۆزرێتەوە. ئاوەها کۆششی هەموو شیعری فەرەنسی لە قۆناغی ڕۆمانسیزمەوە ڕویکردە تێکشکانی چوارچێوەی نەریتە کۆنەکە و ئەو بنەمایانەی کە گیانی شیعریەتی تێدا دەخنکا: واتا: سەرواو کێش و بنەما بە هێزەکانی شیعری کلاسیکی.

PDF4Kurd

ئـەو یاخیبوونـە لـە زەبـری دەسـەلاتی فۆرمـە چەقبەسـتووەکان کـە شـاعیری والێکـرد کـە بـۆ خـودی خۆی نەتوانێ زمانێکی تایبەت بە خـۆی دروسـتبکات و ناچاریبکات کە توخمە نـەرم و نیانەکە بکاتـە نـاو قـالبی ئامـادەوە ئەمـەش بـوو بـە هـۆی بـەرپابوونی شۆڕشی ڕۆمانسیزم بە سەرکلاسیزمدا.

ئینجـا دەرکـەوتنی شـیعری ئـازاد لـەلای شـاعیرە رەمزیەکان و دواتر لە دایکبوونـی چامـەی پەخشان و زۆر جاریش تێکەلاویـەك ئـەکرا لـە نێوانـی چامـەی پەخشان و پەخشانە شـیعردا، بـەلام پێویسـتە لـەوە بگەین کە بنکەی پەکلاکردنەوەکەی ڕاوەسـتاوە لەسـەر مەبەسـتی نوسـەر بـۆ ئـەوەی کـە قسـەکانی چامـەی پەخشان بـن یان پەخشانە شیعر. لەبـەر ئەمـە هیـچ شتێك لە چامەی پەخشان نامێنێتەوە تەنها مەبەستی شـاعیر نـەبێت. مەبەسـت لـە کـردەی تێکـەڵکردن زۆر گرنگـە لـە دەستنیشـانکردنی جـۆردا. لەبـەر ئـەوەی یارمەتی دروستکردنی بیرۆکەیـەکی تـەواو ڕێـك و ورد دەدات دەربارەی کێشەی چامەی پەخشـان وەکو خـۆی. بێجگـە لـەوە چامـەی پەخشـان بـە کورتـی و بـە یەکەیـەکی ئۆرگـانی و بەسـەربەخۆیی خـۆی لـە دروسـتکردنی جیـهانێکی تایبـەت بـە خۆیـدا

PDF4Kurd

دەناسرێتەوە. بەم سیفاتانە بوو بە جۆرێکی وێژەیی جیاواز کە ناوی چامەی پەخشانە و خوازیاریەکانیشی زیادی کرد بەرەو ڕۆیشتن ڕووەو ئەودیوی زمان و تێکشکاندنی فۆرم و ڕاکردنیشی لە وێژە، بەڵام ئەگەر لەم خوازیاریانە دوورخرایەوە لە نموونەدا ئەوا بەرامبەر بویەر(٤) و جێبەجێکردن بێتوانا دەبێت و دەیخاتە ناو زمان و فۆرمی دەستنیشانکراو لە بۆتەی جۆرە وێژەییەکاندا ئەمێنێتەوە.

ئەم دژواریە ناو خۆییەی شێوازی هونەری ئیکارۆسی پێبەخشیوە کە هەڵئەفوڵێ لە ناو نا هاوسەنگی نێوان ئەو ڕەهایەی کە شاعیرانی پەخشان بەو ڕێگایانەی لە توانایاندایە بۆی دەگەڕێن. لەوانەیە ئەم بەشەی دواتر کە هەستاوم بە وەرگێڕانی بۆسەر زمانی عەرەبی تیشکێکی زیاتر بخاتە سەر هەندێ لایەنی چامەی پەخشان و ئەو سودەی تیا بێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا مەبەستیانە.

وەرگێڕی عەرەبی

PDF4Kurd

ئێمــە بــە دڵنیاییــەکی تــەواوەوە نــاتوانین دەستنیشــانی چامــەی پەخشــان بکــەین دوور لــە پێکهاتەکانی ناوەوەیی و بەرێگایەکی ڕووکەشی لەبەر ئــەوەی چامــەی پەخشــان ملکــەچی "بنــەما ئامادەکــان"[٥] نییــە، بــۆ نمونــە وەك جــۆرە چەسپاوەکانی بالادە شیعر یان سۆناتەکان[٦]، بەڵام ملکەچی ئەو "بنەمایانەیە" کە بەرەبەرە لە چەندەها هەوڵی ڕەخنەیی چڕکراوەتەوەو مەرجە زیندەگیەتیەکانی[٧] بوونی خۆی پێکهێناوە. هەروەها لە تواناماندایە کە بەرەو پێشەوە چوونی سەرتاپای تەنێك[٨] ببینین لە میانەی دەرچون لە شانەیەکی بنەڕەتیەوە ئەبینین کە کۆی ئاڵۆزی ئەو یاسایانەی کە بەشدار دەبن لە پێکهێنانی ئەم بابەتە ڕەسەنەدا لە بنەڕەتدا و بە شێوەیەکی گریمانەیی[٩] لەناوانیدا "چامەی پەخشان" هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان ئەوە یەکگرتنێکی سەیرە کە هەموو دژواریەکانی تێدایە (ئایا "پەخشان" لە زمانی ڕۆژانەدا دژی "شیعری"نییە؟ لە بویەردا چامەی پەخشان نەك

PDF4Kurd

تەنها وەکو فۆڕمـی لەسـەر یـەکگرتنی دوژاریـەکان بنیـاتنراوە، هـەروەها چامـەی پەخشـان لـە جەوهەریشـدا لەسـەر یـەکگرتنی دژواریـەکان بنیـاتنراوە: پەخشان و شیعر، سەربەستی و تونـد و تیژیـی، ئـاژاوەگێڕێکی کاولکـەرەو هونـەرێکی ڕێکخـراوە.. ئـالێرەوە لێکنـەچوە ناوەکیـەکانی دەردەکـەون و دژواریـە قـوڵ و مەترسـیدارو دەوڵەمەندەکەی سـەرچاوەدەگرێ، ئـالێرەوە شـلەژانە هەمیشەییەکەی و زیندەگیەتیەکەی پەیدا دەبێت.

کەواتـە بـا لـە ئاسانترین توخمەکانـەوە دەربچـین بەرەو دەستنیشانکردنی بنەما دولایەنیەکەی چامەی پەخشان، کـە "پەخشان" و "شـیعر"ە لەیـەك کاتدا، ئینجا ئـەوە ڕوونبکەینـەوە کـە چـۆن ئـەم بنـەما دوولایەنیـیـە لەگـەڵ ئارەزوویـەکی دوولایـەنیدا ڕێکدەکەوێت، کە ئارەزووکردنە بۆ خۆ ڕزگارکردن لە یاسا فۆرمیەکان و خولقاندنی فۆرمێك لە یەك کاتدا؛ هەروەها چۆن چامەی پەخشان لە دواتردا شـێوازێکی دوولایەنـە دەهێنێـت، بـە پێـی ئـەو کۆنترۆڵکردنـە تاکیە ئاژاوەگێڕیە یان ئەو توانستە هونەریە.

PDF4Kurd

ئەگەر توانیمان دەستبگرین بەسەر ئەو دوو دانە جەوهەریە لە هەر هەموو بەرفراوانیەکەی خۆیدا ئەوا ئەگەینە ئەوەی کە ببینین چامەی پەخشان تەنها گەڕان نییە بە شوێن فۆڕمێکی هونەریی نوێدا، هەروەها شێوازێکی یاخیبوونی مرۆڤانەییشە بە هەموو ئەو هێزە خوڵقێنەرەوەشەوە کە هەیەتی.

١-بنەمای دوولایەنەی چامەی پەخشان

چامەی پەخشان لە ئارەزووکردن بۆ ڕزگار بوون و سەربەست بوون و بۆ یاخیبوون لەو نەریتانەی کە ناوی "شیعریەت"و کێشی عەروزو نەریتەکانی زمانی لێنراوە لە دایکبوو. ئەوکاتە داواکاریەکە جیاکردنەوەی "شیعر" لە "هونەری هۆنینەوەی شیعری"بوو؛ لەناو پەخشاندا دەگەڕان بۆ توخمەکانی شیعری نوێ، بەڵام ئەم پەخشانەی کە لەسەر ئاستێکی نزم دەیویست کە پارێزگاری لە هەندێ "جوانکاری" شیعر بکات، ئەوەندەی نەبرد کە زۆرترو زۆرتر لایدا بەلای پەخشانێکی پوختەی ڕزگاربوو لە هەموو جوانکارییەکی دەستکردا، ڕووەو

PDF4Kurd

ئـەو پەخشـانەی کـە بـەم زوانـە دەبێتـە خـاوەنی زۆرترین بەخشش لەو پەخشانەی کە هەتا ئەو کاتە لە ناو بابەتـە جۆراوجۆرەکانی وێـژەدا بـەکاردەهات، بەهۆی جۆرێك لە قورسایی سروشتیەوە: "شێوازێکی پەخشان"، "ئیقاعێکی پەخشان" خەریك بـوو لـە دایك دەبوو، لەسەر چامەی پەخشان پێویست بوو کە تەواوی ئەنجامە شیعریە نوێیەکەی لێوە وەربگرێت.

کەواتـە با دەستبکەین بـە کورتکردنـەوەی ئـەو توخمانـەی کـە "پەخشان"ی بـەکارهاتوو وەك خـۆی چۆنە وەها لـەناو بویـەردا بـۆ نـاو چامـەی پەخشان، پێـش ئـەوەی وردببینـەوە لـەو ڕێبـازەی کـە بـەکارهێنراو ئـەو توخمانـەی تیا پێکهات کە ببێتـە چامە. پەخشان بە پێچەوانەی شیعرەوە تـەواو ڕقی لە قالبی ئامادەو ئیقاعی سـەپێنراوە بەسـەریدا لـە دەرەوەی خۆیـەوە. چامـەی پەخشـان بەمەشـەوە ناوەسـتێت کـە نـەك تەنـها لـە "شـیعر لـە نـاو پەخشـان"دا ڕابکـات، بەڵکـە ڕاشـبکات لـە پێکهاتـە ڕەوانبێژیـەکان و سـیما لۆژیکیـە قەبـەکراوەکان و شێوازە یەك لـەدوای یـەکتر هاتوەکاندا. پەخشان بـە هـۆی نـەرم و نیانیەکـەی خۆیـەوە ڕێ بـە زۆرتریـن جۆراو جـۆری قـەوارەی فۆرمـەکان دەدات و چامـەی

PDF4Kurd

پەخشانیش وەك شیعری ئازاد لە توانایدا دەبێت کە بهێڵێ بەخشینی بیرۆکەی شیعری "مافی خۆی هەبێت کە بە پێشکەوتنی خۆی فۆرمی خۆی بخولقێنێ وەك چۆن ڕووبار ڕێڕەوی خۆی هەڵدەکەنێ" (...) کەواتە لە توانای "پەخشانی ئیقاعی"یشدا هەیە کە فۆرمێکی زۆر زۆر جیاواز وەرگرێت (...) هەروەها پەخشان کاردەکات لە خستنە ناوەوەی "نوێ"و "نوێگەری" بۆ ناو وێژە لە ڕێگای وشەکان و بیناکردنی ڕستەوە: لە ڕاستیدا فۆرمی پەخشان ڕاڤەی هەموو ڕوخساری ڕاستی سەردەم لە شیعر باشتر و بەشێوەیەکی بێوێنە ئەگرێتە خۆی: لەوانەیە دێڕە شیعریە "نوێیەکانی" (ماکسیم دی کامب)[١٠]ی خەمئامێز بەس بن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوە...

ئەپۆلۆنێر[١١] نوسیویەتی و ئەڵێ:

"تۆ ئاگاداریەکان و پێڕستەکان و پۆستەرەکان کە
بە دەنگی بەرز گۆرانی دەڵێن دەخوێنیتەوە.
ئەم بەیانیە ئا ئەوەیە شیعر"

هەرچەندە شیعری ئەم سەدەی بیستەمە لە ناو شیعری ئازاد دا یان لە ناو چامەی پەخشاندا نەبێت ناتوانێت فۆرمی خۆی بدۆزێتەوە بە تەنها

PDF4Kurd

هەردوكیان ئەتوانن كە پێشوازی لە وشە نوێ و واقیعیەكان بكەن و شتەكان بە ناوی خۆیانەوە ناو بنێن، هەروەها هەردوكیان شیعری شەمەندەفەرەكان و وێستگەكانمان بۆ دەكەنەوە (وەك شیعرەكانی ئەبولینیرو فارگ)و شیعری مەیخانە قێزەونەكان (وەك شیعرەكانی گاركو) و شیعری كەشتیەكان (وەك شیعرەكانی ساندرار). با لەوە دوورتر بڕۆین: بەكارهێنانی زاراوەی دەستنیشانكراو، واقیعی، گشتی ئەكرێ بۆی بگەڕێین وەك ئەوەی كە ڕێگە چارەیەكی كاریگەری شاعیریەتێكی تایبەتی بێت، بۆدلێر یەكەم شاعیر بوو كە ڕەچاوی ئەوەی كرد، هەروەها لاڤۆرگ لە "گۆرانی پاریسی خەمباردا"، هویسمان لە "هێڵكاریە پاریسیەكاندا" ئەوەیان بە شێوەیەكی بەرفراوان بەكارهێنا.

وەك كاردانەوەیەكی دژ بە وشە "سامیەكانی" شیعری كلاسیكی، كە لەم ڕۆژانەدا بوە بە شاعیری وەك (ج. بولان) دەڵێت: "دەبێ بڵێین (حصان) لە بری (جواد) و (بحر) لە بری (السیم) [١٣].

هەروەها لەوەش سەیرتر هەیە، چونكە بیرۆكەی گشتی و (سكێچ) هەردوكیان سەركەوتن لەوەدا كە وەك توخمە شاعیرەكان دەركەون، ئەم ئارەزوە بە

PDF4Kurd

شێوەیەکی تایبەتی لە پەخشاندا ڕەچاو کراوە (...) ئەم ئاڕاستەیە لە بەکارهێنانی ئـەوەی کـە هـەتا ئـەو کاتە شیعر ڕقـی لێـی بـوو وەك توخمـە شـاعیریەکان: ڕیسوایی، بـازاڕی و "سـوکایەتی"... بێگومـان هـەر هـەموو ئەمانـەی کـە پەیوەسـتن بـە پەخشـانەوە مەترسیەکی هەمیشـەیی دروسـتدەکەن زیـاتر لـەوەی کە لەلای شیعری ئازاد هەیـە (...) هـەر هـەموو ئـەم توخمانـە کـە لـە خـودی خۆیـدا جوانکـاریی نییـە ناتوانێ بەهایەکی جوانکاریی و (شـاعیری) وەرگرێـت تەنـها لـە کاتێکدا نـەبێت کـە ڕێکخـراو و ونـاولێنراو بێت بۆ ئەوەی کـە بچێتـە نـاو جیـهانی بەرهەمـەوە. پێویستە ئەوە زیاد بکەین کـە لەبـەر ئـەوەی چامـەی پەخشان بە پەخشان نوسراوە، شاعیریەتی بە هەندێ شێوازی نوێ دەوڵەمەند کردوە کە بە ئاسـانی نـاکرێ لـە هونـەری ڕێکخستنی کلاسـیکیدا وەربگـیرێ، وەك گاڵتە جاڕی، سەمەرەیی، تۆنی ڕازو نیاز، بە تایبـەتی جۆرێکی تایبەتی لە گاڵتە و گـەپ کـە شـوێنێکی زۆر گرنگتر لە شیعری سەدەی بیستەمەدا داگیردەکات.

دواتـر گاڵتە و گەپ کە زۆرتـر لـە بابـەتی چـیرۆکدا دەردەکەوێت، زیـاتر لـە پەخشاندا گونجاوترە؛ لە کاتێکـا گاڵتـە و گەپ مەترسی لەسـەر شـیعر دروست دەکات بـە

PDF4Kurd

تێکشکانی هەرچی کاریگەریەکی سیحری شیعری هەیە، بەڵام لە پەخشاندا دەبێت بە ئسلوبێکی شیعری لە جۆرێکی تایبەت و بەستراو -بەتایبەتی ئەو گاڵتەوگەپەی کە ناونراوە "ڕەش"- بە هەڵوێستێکی تاکەکەسی ئاژاوەگێڕی کاولکەرەوە (...) لێرەدا هێڵەکانی جیاکردنەوە سنورەکە نیشان دەدات لە نێوانی چامەی پەخشان و "بیرۆکە"دا ئەمە لە لایەك، لە نێوانیا و لە نێوانی "کورتە چیرۆك"دا لە لایەنەکەی ترەوە.

هەروەها ئەوەی کە ئەندێشەییشە دەچێتە ناو بۆتەی چامەی پەخشانەوە زیاتر لەوەی کە بچێتە ناو بۆتەی چامەی شیعریەوە لەبەر ئەوەی توخمە ئاژاوەگێڕیە یاخیبوەکانی دژ بە یاساکانی سروشتی تیایە. لێرەدا پێویست دەکات کە هەمان سنور بدرێ بە چامەی پەخشانی ئەندێشەیی لەبەر ئەوەی چامەی پەخشانی ئەندێشەیی لەسەریەتی لە کۆتاییدا "چامەیەك" بهێڵێتەوە. لە بویەردا پێویست دەکات ئەوەمان لە بیر نەچێت کە چامە لە هەڵبژاردنی بابەتەکانی و وشەکانی و پێکهاتەو ئسلوبیدا پێداویستیەکانی و یاسا ئۆرگانیەکانی بەسەر ئەو پەخشانە تەواو ئازادەدا دەسەپێنێ. ڕەتکردنەوەی ئەم یاسایانە ڕەتکردنەوەی هەموو

PDF4Kurd

یاسایەك نییە، هەروەها ئەم سەربەستیە لە فۆرمدا نا ئامادەیی فۆرم نییە. بە پلەی یەکەم بینیمان کە پەخشان لەناو پەخشانێکی "ئیقاعی"دا ڕێکدەخرێتو ملکەچی جۆرە یاسایەکە کە ئەو یاسایانە نییە بۆ نمونە کە پەخشانی گوتاری لەسەریان دەڕوات.

ئێستا ئەوەمان ماوە وردببینەوە لەوەی چۆن "چامە" کە فۆرمێکی پلەدوە بەسەر پەخشانێکی تاڕادەیەك ئازادو تاڕادەیەکیش ئیقاعی سیستمێکی گشتی دەسەپێنێ و بیکات بە یەك یەکەو "قەوارەیەکی" هونەری.

چامە چیە؟ لێرەدا پێویستە کە ئێمە واتا لێوە هەڵێنجراوەکەی بۆ بگەڕێنینەوە هەریەکەیان وەك ئەوەی کە کارێکی بیناکراوە لەسەر "تێکڕا هەمووی"، زۆرجار لە نێوانی "چامە"و "شیعر"دا تێکەڵاویەك دروست دەبێ، هەروەها ئێمە هەرچی بەرهەمێکیش کە ڕێکەوتی شیعری تیا بکەین ناوبنێین چامە، بەڵام ئەو چامەی پەخشانەی کە پێویست دەکات لەگەڵ پەخشانی ئیقاعیدا تێکەڵاوی نەکەین، هەروەها پێویستە کە لەگەڵ شیعردا

PDF4Kurd

تێکـەڵاو نـەکرێت. لـێرەدا باشـتر ئـەبێت کـە ئـەم چەمکە بگەڕێنینەوە بۆ چامەی پەخشان لە پێناوی دەستنیشـانکردنیدا و بشـبینین کـەچی ئەگرێتـە خۆی و چیش پوچەڵدەکاتەوە.[١٣]

لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە کە وریای ئەو تێگەیشـتنە هەڵەیـە بـین کـە لەوانەیـە لـە زۆر بـەکارهێنانی فراوانـی ئـەو زاراوەیـەدا دروسـتدەبێت: لەسەدەی هەژدەیەمیندا خەڵکان هەر بـەردەوامبوون لەسەر ناوی "چامە" لەسـەر هـەموو بەرهـەمێك کـە فراوانیـەکی تایبـەتی هەبوایـە و خـاوەنی بونیـادێکی تونـد و تـۆڵ بوایـەو لـە توانـایدا بوایە کـە ختوکـەی ئەندێشـەی بدایـەو بیستنێکی بـە جـۆش و خرۆشـی دروستبکردایەو شێوازەکەشی ڕێکبخستایە:

بەیـەکێ لـە شـانۆنامەکانی (راسـین)یـان دەوت "چامـەی شـانۆیی"، بـە ڕۆمـانێکی وەك "شـازادەکەی کلیف یان تیلیمـاك" یـان دەوت "چامـەی پەخشـان". ئەم واتایە هەتا سەدەی نۆزدەیەم مایەوە (...) بـەڵام ئەو کاتەی (ر. دوکورمون) "ئـەلیازە" و "ئۆدیسـە"ی نوسـیبوو کە دوو ڕۆمـانی شـیعریی بـوون واتـا کـە پێشکەوتنی بەسەردا هاتبوو، هەروەها "شەهیدەکان" و "سالامبو"ش دووچامەی پەخشانن، ئەوە ئیشـارەت

PDF4Kurd

بۆ چامەی بە پەخشان نوسراو دەكرد نەك بۆ "چامەی پەخشان" بە بەراوردكردن بەو ڕۆمانانەی كە بە شیعر نوسرابوون لەبەر ئەوەی كە چەمكی چامە لەو سەردەمەدا بەرەو فراواونكاری و
تێكەڵاوبوون لەگەڵ شیعردا دەچوو. كاتێك كە (ر. دوكورمون دەربارەی خودی خۆی ڕایگەیاند كە)" لە بنەڕەتدا تەنها یەك بابەت هەیە ئەوەش چامەیە، لەوانەیە یەك شێوازیش هەبێت كە شیعرە، لەبەر ئەوەی پەخشانی جوان پێویستە كە ئیقاعێكی گومانكەری لەوە هەبێت كە پەخشان نەبێت. "بیفون" لە چامە زیاتر هیچی تری نەنوسیوە، هەروەها "بوسویە و شاتوبریان و فلوبیر"یش، ئەو پانتاییەكی زۆر گشتی تر و بەربلاوتری بە "چامە" دەدا و واتایەكیش كە كەمتر پێویستی بە سەرنجی وردو تیا قوڵ بوونەوەوە هەیە، ئەگەر بۆ دوورتر پاڵمان بەم بیرۆكەیەوە نا لە تواناماندا دەبێت كە لە هەموو شوێنێك شیعر ببینین (وەك مالارمێ دەڵێت: بێجگە لە ئاگاداریەكان و لاپەڕە چواری هەموو ڕۆژنامەكان)، لە هەموو دانراوێكی بە باشی نوسراویشدا چامەیەكی شیعری ببینین، دوای ئەوە هیچ شتێك سەرسوڕماومان ناكات ئەگەر "باریی دور

PDF4Kurd

فیلی" مان بینی کە دەربارەی ڕۆمانەکەی خۆی کە ناوی "ئامائیدە"یە "Amaidee" دەدوێت وەك ئەوەی کە "چامەیەکی پەخشان" بووبێت، ئەگەر کەسێکمان بینی کە لە یەکەم لێمان نزیکتر بوو، وەك "ئەندریەبار" کە بوێرانە دەڵێت کە "شاتو بریان" بە ڕۆمانەکەی خۆی "ئەتالا" (Atala) دەرگای چامەی پەخشانی کردەوە بەوەی کە "دانراوەکەی پڕە لەو ڕستانەی کە واتای نا ئاشکرایان هەیەو بڕگە مۆسیقیەکانیشی بەشی ئەوە دەکەن کە بارێکی دەرونی بهەژێنن". "ئەندریە شیریل" خۆی دەربارەی "ڕۆمانەکان یان چامە پەخشانەکانی" "سینانکور" وەك "ئەلدۆمین" (Aldomen) و "ئۆبیرمان" (oberman) دەڵێت: نەخێر "ئامائیدە" و "ئەتالا" و "ئۆمبیرمان" چامەی پەخشان نین: لەبەر ئەوەی بابەتەکانیان و بۆچونەکانیان تەواو شتێکی ترن، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بە پلەی یەکەم "ڕۆمانەکان" ملکەچی جوانکاری ڕۆمانن کە تەواو لەگەڵ جوانکاری چامەدا (...) جیاوازن، بەڵام کە نوسەرێکی وەك "ئۆفیرفیلی" لەوانەیە بیەوێت "چامەیەك" یان "ڕۆمانێکی چامە" بنوسێت ئیتر چۆن لە ناو ئەو جۆرە بەرهەمە درێژانەدا خۆمان لە

PDF4Kurd

هەموو ئەوانەی کە خزمەتی ڕونکردنەوە یان ئامادەکردنی ڕوداوەکە و ئەوانەی کە ڕای دەربارەیان هەیە یان کۆتاییان پێدەهێنێت لابدەین؟ توخمی زۆر هەن کە چڕیی جەوهەریی لەبەرهەمەکەو کاتە مردووەکان، "ناوچە بێ شێوەکان" لە بەرهەمەکە زەوت دەکەن لەلایەنی شیعریەوە کە ناکرێ لە چامەدا وەربگیرێت بەلام لە ڕۆماندا زۆر پێویستە. "جوبیر" "Joubert" سالی ١٨٠٦ لە "یاداشتنامەکەیدا" ڕایگەیاند کە "چامەکانی هۆمیرۆس چامەنین بەلام شیعرن" - ئێمە هەمان هۆکارەکانیش دەزانین کە "پۆ"ی پێ تاوانبار دەکات بە "کفری درێژ"[١٤] کە ئەڵێت: "چامەی درێژ بوونی نییە؛ ئەوەی مەبەستمانە لە چامەی درێژ دژواریەکی تەواو لە زاراوەکاندا".

ئاوەها بەگەڕانەوەیەکی سەیر گەیشتینە ئەوەی کە چەمکی چامە لەگەڵ چەمکی کلاسیکیدا تەواو جیاوازە: ئەمجارەیان لە بری ئەوەی کە چامە فراوانیەکی دیاریکراوی هەبێت سیفەتی کورتکردنەوە زۆر پێویست و بە بایەخە بۆی، ئەم مەرجەش ئەبێت هەر هەبێت لە پێناوی یەکیەتی کارتێکردندا،

PDF4Kurd

بەڵام ئەم پێناسەیە بۆ چامەکە "یەك یەکە" بێت و لە سیفاتە سەرەکیەکانیشی یەکگرتن و سەرنجدان بێت بە وردی، وەها دەردەکەوێت کە لە تواناداا هەبێت بە شێوەیەکی تایبەتی لە سەرچامەی پەخشان پراکتیزە بکرێت کە پێویستە لەسەری کاریگەربێت نەك هەر بە چڕیەکەی و ناسکیەکەی و بێبەری بوونی لە هەڵە لەبەر ئەوەی پەنا ناباتە بەر هێزی بەورەیی شیعر لە پێناوی بزواندنی خورپەی شیعریدا. "هویسمان" ڕەچاوی ئەم سیفەتەی کرد کاتێك کە لە چامەی پەخشانی پوختەدا لە "یەك لاپەڕەیان دوو لاپەڕە" دا هێزە جەوهەریەکانی ڕۆمانی بینی. "ئەی – ئاتیس" "A-Athys" ساڵی ١٨٩٧ زۆر بەوردبینی تر دەڵێت: "چامەی پەخشان، وەك شیعر، حیکایەت یان کورتە چیرۆك نییە، تەنانەت ئەگەر ئەم حیکایەتە هی (فلوبیر) یان ئەو چیرۆکە هی (گۆتە)ش بێت. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر کارێکی ئاسایی نەبوو جیاکردنەوەی دوو بەرهەم لەلایەن "درێژی هەردوکیانەوە" ئاشکرا دەبێت کە ئەم دەستنیشانکردنە جەوهەریەو کارێکی زۆر تایبەتیشە کە لەیەك لاپەڕەی کورتدا بۆچونێکی سەربەخۆ، یان جارو بار تراژیدیایەك دابنێین."[١٥]

PDF4Kurd

"ئی. جالو" "E. Jaloux" بە تایبەتی ڕەچاوی ئەو پێویستی پەنابردنە بەر فشار و یەکگرتنەی کردو پێناسەی "چامەی پەخشان"ی بەوە کرد کە بریتیە لە "پارچەیەك پەخشانی کورتکراوە بە هێندەی پێویستی خۆی، یەکخراو و پەستێوراو وەك پارچەیەك کریستاڵ کە سەد تیشکدانەوەی جیاوازی تیا دەبینرێت "هەروەها "خولقاندنێکی سەربەست کە لە ئارەزوی دانەر زیاتر لە بیناکردندا پێویستی تری نەبێت بەدەر لە هەموو سنوور بۆ دانانێك و شتێکی شێواو کەسروشەکانی بێکۆتایی بن...". کۆی هەموو کاریگەریەکەو بێبەهایی و چڕیەکە لەو زاراوانەن کە بۆما دوپاتدەکەنەوە کە چامە جیهانێکی دیواربەندو لەناو خۆیدا داخراوە و خۆی بەشی خۆی دەکات، لە هەمان کاتیشدا قەوارەیەکی بچکۆلەو تیشکدارو بارگاویکراوە، سروشەکانیشی بێکۆتایین و لە توانایدایە کە لەناخەوە بمانهەژێنێت.

ئەم گەردونە وەك هەموو بەرهەمێکی تر جیهانێکە لە "پەیوەندیەکان" و زۆر جار شیعر لەگەڵ "کونترا بوینت" [١٦]ی مۆسیقایی بەراورد

PDF4Kurd

دەكرێت كە لەیەك كاتدا هەموو شێوازەكان یان ڕەوتە نەغەمیەكانی لەسەر ئاستێكی ئاسۆیی و پەیوەندیە ستونیەكان "یان ڕێكخەریەكان" لە نێوانی "دەنگە" جیاوازەكانی چامەدا: لەرینەوەی دەنگ و واتاو سروشەكانی تیایە (...)

ئاشكرایە كە تێكەڵاوكردنی دوو ئیقاعی جیاواز لە چامەی پەخشاندا ڕێپێدراوە لەبەر ئەوەی كە ئەم كارە پەیوەندە بە بەرهەمێكی كورتەوە كە چڕیەكەیو كارتێكردنەكەی پێكەوە بە دەستهێنانیان پێویستتر و ئاسانترە، بەڵام وا دەردەكەوێ كە ئێمە هەتا ئێستا زاراوەی "چامە"مان بە هەڵەدا نەبردوە بەلێدوان دەربارەی كۆی پەیوەندیەكان و دەربارەی جیهانێكی زۆر ڕێكخراو. لەوانەیە لە توانامانا بووبێت كە لە بویەردا ئیشارەتمان بۆ ئەوە كردبێت كە ئەتوانرێ لەناو ڕۆمانێكدا ڕێكبخرێت و هەروەها پەیوەندیەكانی نێوان توخمەكانی بابەت (كەسایەتیەكان و ڕووداوەكان و هزرەكان و هێماكان)، ئەم هەموو توخمانە لەلایەنی جوانكاریەوە "كاردەكەن" و ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە ڕێكخستنی جیهانێكی تایبەتدا. ئەوەی كە گومانی تێدا نییە ئەوەیە كە پەیوەندیە دەنگیە پوختەكان لە ڕۆماندا

PDF4Kurd

کەمجار ڕۆڵێ دەبینن، بەڵام پێویستە ئەوەمان لە بیر نەچێت کە هەروەها ئەم پەیوەندیانە کەمتر لە چامەی پەخشاندا دەردەکەون وەك لە چامەی شیعریدا (بۆ نمونە لەلای هەندێ نوسەر وەك بۆدلێر، زۆر جار ئیقاعی ڕستەکەو لەرینەوەی وشەکان ئامانجیان شتێکی تر نییە تەنها دەست لە ملانێی جوڵەکانی ناوەوەی بونەوەرەکە نەبێت بە شێوەیەکی توندو تۆڵ).

گرنگە کە بزانین چامەی پەخشان وەك "چامە" بە ڕێژەی جۆرەکانی تری پەخشانەوە بە تایبەتی ڕۆمان لە بویەردا بوارێکمان بۆ دەڕەخسێنێ کە زۆرجار ببینین چامەی پەخشان بە جۆرە کورتکراوەکانی ڕۆمان تێکەڵاوکراوە (حیکایەت، چیرۆکی زۆر کورت، کورتە چیرۆك). ئەمە تێکەڵاوکردنێکە کە ڕەتکردنەوە هەڵدەگرێ: یەکەم لەبەر ئەوەی کە ئەگەر ویستت گێڕانەوەی چیرۆکێك بێت)، چامەی پەخشان بەردەوام و بەزەرورەت وەسفی نییە: بە پێچەوانەوە زۆر جار توخمە حیکایەتیەکان بەکار دەهێنێت. لەلایەکی ترەوە "ڕۆمان و شیعر هەرگیز بە تەواوەتی لە دۆخی کەرەستەییدا دەرناکەون" وەك لە حەقیقەتدا هەیە،

PDF4Kurd

چەندین ڕۆمانی شیعری هەن... هەروەها بە پێچەوانەشەوە چامەی شیعری هەیە کە لاسایی ڕۆمان دەکاتەوە: لەوانە "جوسلان" "Jocelyn"ی لامارتین هەروەها هەتا ڕادەیەکیش هەرهەموو چامە داستانیەکانیش زۆر پێویست دەکات کە جیاوازیەکانی نێوانی جیهانی چامەو جیهانی ڕۆمان و ئەوەی کە چامەی پەخشان دەکاتە "جۆرێکی شیعری" کە شێوازو بوونێکی جیاوازی هەیەو هەرچەندە بە پەخشانیش نوسراوە دەستنیشان بکەین.

گومانی تێدا نییە کە ئەتوانرێ چامەو ڕۆمان و هونەرە وێژەییەکان بەگشتی کە لە نێو "هونەرەکانی کاتدا" لە یەکتری جیادەکرێتەوە "کە ئەمەش ملکەچی یاسای ناپێچەوانە کراوەکانە"[١٧] بە بەراوردکردن لەگەڵ "هونەرەکانی شوێن"دا وەك هونەری بیناسازی و شێوەکاری و هەڵکۆڵین. سەرباری ئەوەش ئەم چەمکی کاتە ئاڵۆزە لەبەر ئەوەی کە لە هەمان کاتدا ئەم کارە پەیوەستە بە "کاتە حەقیقیەکەوە" (ئەو کاتەی کە خوێندنەوەکە ئەیخایەنێت) و "کاتی لێکچووش"[١٨] (لەبەر ئەوەی ئێمە لێرەدا لە بەردەم هونەرە "وەسفیەکان"داین).

PDF4Kurd

ئەگەر کاتە حەقیقیەکەی چامەکە لە کاتی ڕۆمانەکە کورتر بوو کەواتە ماوە کاتیە ئامادەکە لە بەرهەمە شیعریەکان و هەروەها لە ڕۆمانەکانیشدا زۆر جیاوازتر دەبێت، بەڵام ئەمەیە کە پێویستە ئیشارەتی بۆ بکەین لە کاتێکدا کە ئەوە گرنگی پێکهاتەیەکی بەراورد کارە لەگەڵ ڕۆماندا هەتا لە ناو ماوە کاتیەکەدا ڕێکبخرێت و لە کاتدا بە شێوەی شێوازو ڕەوتی ڕێکخستنی ڕوداوەکاندا دەرکەوێت، بە شێوەیەك هەتا بتوانین لە هەر ڕۆمانێکدا حەقیقەتی بەرەو پێشەوەچوونی بەدی بکەین و چەند قۆناغێکیش جیا بکەینەوە. چامە وەك یەك قەبارەو پێکهاتەیەك کە کەرت کەرت نابێت دەردەکەوێت.

"ج. ریفیر" نوسیویەتی و دەڵێت: "لە چامەی جواندا هەرگیز بەرەو پێشەوە چوون نییە: کۆتاییەکە لەسەر هەمان ئاستی سەرەتایەو ئێمە ڕاستەوخۆ دەیگەینێ، هەموو شتێك لەسەر یەك ئاستەو هەمان نزیکیشی هەیە. دێڕە شیعریەکان بازنەیەك پێکدەهێنن و ڕووبەڕووی یەکتریش دەسوڕێنەوە، هەروەها پەیڤین لەگەڵ یەکتریدا دەکەن و لە بازنەکەی خۆیاندا بەندمان دەکەن،

PDF4Kurd

کاردەکەن بۆ ئەوەی کە لە شوێنی خۆماندا ڕێیەك نەدۆزینەوە، هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کە سروشتی لە بیرچونەوەی کات و پانتاییەکانمان بدەنێ.

هەڵچونی شیعری جۆرێکە لە خولانەوە کە لە ناوماندا دروستدەبێت لە ڕێگەی گێژەنێکی هەمیشەییەوە لە نێوەندی ڕاکردنی شتەکان خۆیانەوە..."(١٩)

لێرەدا ئەگەینە پێداویستیەکی جەوهەری و بنەڕەتیی چامەکە: ناکرێت وەك چامەیەك بوونی هەبێت تەنها بە مەرجێك نەبێت کە ڕووە "ئێستای هەمیشەیی" هونەر نەچێت و ببێتە درێژترین ماوەی کاتی و گۆڕانکاریەکی نەوەستاو لە ناو فۆرمی کاتەکاندا بوەستێنێ -ئەوەی کە لەوەش دەچێت پێداویستیەکانی فۆرمی مۆسیقیە. لە ڕاستیدا شیعری (عەروزی) (ئەوەی کە ریفییر بیری لێدەکاتەوە) لێرەدا ڕێگە چارە فۆرمیە ئیقاعیە ڕێکخراوەکان و ڕێگەچارە هاوکاتیەکانی دێرە شیعریەکان و هەروەها ڕێگە چارەی گەڕانەوەی کێشکراوی سەرواکان پێشکەشدەکات: کلودیل نوسیویەتی(٢٠) و دەڵێت: ئەو خوێنەرەی کە دەبێتە دیلی (کۆگەریەکەی) لە دۆخێکی ڕێکخراودا خۆی

PDF4Kurd

جێگیر دەکات و هەست بەوە دەکات کە سیستمی هەمیشەیی جوڵەو هزرەکانی ئەگرێتە خۆی. ئەو لە ڕێکەوت و لاواز و زۆر بەکارهاتویی جودایە"، بەلاَم لە چامەی پەخشان داوادەکرێ کە پشت ببەستێت بە ڕێگەچارەی تر لە پێناوی ڕزگارکردنماندا لە "کاتی سوڕاو": هەرچەندە ڕێگە چارەکان جیاوازبن بەلاَم هەمان کۆشش و خودی ڕاپەڕینی ئیکارۆسی دەردەخەن بۆ زاڵبوون بەسەر بارستایی کاتەکەدا.

پێش هەموو شتێك بارەچاوی ئارەزووکردن لە کورتکردنەوە بکەین کە هەتا ڕادەیەك لەلای هەموو شاعیرێکی پەخشان غەریزیە. ئەو کاتە لە بری ئەوەی کە چامەکە ڕوداوێك بێت لەناو کاتدا، چامەکە وەك بریسکەیەکی ئێستایی کاریگەرییەکی ئێستایی لەلای خوێنەر دروستدەکات بەلاَم نەك وەك بەرهەمێکی پێشکەوتوو. ئەو کاتە تێئەگەین کە بۆچی ڕەخنەگرەکان هەر هەموویان ڕێککەوتون لەسەر پێناسەی چامەی پەخشان بەوەی کە پارچەیەکی پەخشانیە" کورتکراوەو یەکخراو و چڕکراوەیە وەك پارچەیەك کریستاڵ" لێرەدا چڕیەکە لەگەڵ کورتکردنەوەدا دوانەیە (جمکە)[٣١].
لە بویەردا هەرچەندە پێکهاتە شاعیریەتیەکە تونـدو

PDF4Kurd

تیـژ بێـت، ئـەو بۆچونـەمان لــەلا دروســتدەبێت کـە لەبەر چاومانا پانتاییـە کاتییـەکان یـان مـاوە کاتییـە هزریـەکان کورتدەکەینـەوە کـە لەوانەیــە پەخشـانی واتاگەرایی[٢٢] کەم کەم و بە چـەندین قۆنـاغ نمایشـی بکات، بـەڵام کێشـەکە هـەر دەمێنێتـەوە تەنانـەت لـە چامەی زۆر کورتیشدا: کەواتـە چۆن ڕۆیشتنی کـاتی حـەقیقی و ئێسـتای هەمیشـەیی هونـەر وێکدەخـەین لـە نێوانــی بــەردەوامی بــەدوای یــەکدا هــاتوو وە ئەوانەی ئێستایین؟ دوو ڕێگە هەیـە –ئـەو دوو ڕێگـە دژوارەش بەســتراون بــەو دوو ئـارەزوە دژوارەوە کـە ڕێنمــایی چامــەی پەخشــان دەکــەن یــان ڕووەو ڕێکخســـتنێکی هونــــەری، یــــان ڕووەو ئـــــاژاوە سەربەســتکراوەکە. ڕێگــای یەکــەم بریتیــە لـــە کۆنترۆڵکردنی کات و سەرلەنوێ خستنەوە ناوخۆی و سـەپاندنی فـۆرم و بونیـادێك بەسـەریا لـە ڕێگـەی ئیقاعەوە ئەوەش بـەو ڕێگایانـەی کە لە ڕێبازەکانی هونـەری هۆنینـەوەی شـیعر دەچێت؛ بــەڵام ڕێگـەی دوەم بریتیـە لـــە ڕزگــارکردنی خــۆی لــە کــات و "ڕەتکردنەوەیی" و دەرچون لە بابەتە کاتیەکانە. ئـا ئاوەها ئەگەینـە دوو شـێواز کـە لـە بـاری یەکـەمدا چامـەی "وێنـەیی" یـان "بازنـەیی"ە کــە لەســەر

PDF4Kurd

دابەشکردن بۆ برگە شیعریەکان و دوبارەکردنەوەو ڕێکخستنێکی ئیقاعی دامەزراوە؛ لە باری دووەمدا دەگەینە "چامەی ئیشراق" کە لەگەڵ فۆڕمی هەموو شێوەی ماوە کاتیەکاندا: کات و شوێن و دەرئەنجامە لۆژیکیەکان هەموو پردەکان دەڕوخێنێت. لە هەردوو بارەکەدا "چامەیەك" هەیە، واتا بە کریستاڵ بوون و خولقاندنی جیهانێکی سەربەخۆی داخراو لەناو خۆیدا کە بریسکەیەکی گەردونی لە ئاسمانی هونەری لازەمەنیەوە لێدەدرەوشێتەوە.

لاپەڕەکانی پێشوو دەمانگەیەنێتە دووجۆر لە ئەنجام: یەکەمیان ئەبینین کە چەمکی چامە لە چامەی پەخشاندا جەوهەریە: لەیەك کاتدا بواری دەستنیشانکردنی دەدات وەك ئەوەی کە فۆرمێکی پلە دوەو جیهانێکە لە پەیوەندیەکان و "قەبارەیەکی" لا زەمەنیە و دواتریش جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی پەخشانە وێژەییەکانی ترداو هەروەها جیاکردنەوەشی لە پەخشانی شیعری.

لە پلەی دوەمدا لەوە دەکۆڵینەوە کە ئەم دووانە (جمکە) یە یان جەمسەرسازی[٢٣] چامەی پەخشان – ئەگەر قسەکە ڕاست دەرچوو- لە هەموو پلەکانی ڕێکخستنیدا خۆی جێگیر دەکات: هەروەها لە

PDF4Kurd

سەرەتاشەوە دەردەکەوێت لەبەر ئەوەی چامەی پەخشان بەکاردەهێنێت کە پەخشانیش توخمێکی خاوی ئاژاوەیەو ئەیکاتە ناو فۆرمی چامەوەو ڕێکخستنێکی هونەری بەسەردا دەسەپێنێ و دەیکاتە یەك یەکیەتی زۆر پوختەو زۆر ئاڵۆز؛ دووەمجار لە بیناکردنی ئەو ڕستە ئیقاعیەدا دەردەکەوێت، کە بەرەو دوو بابەتی گەورەی ئەو ڕستە نیان ڕەوو مۆسیقی و ڕستە پچڕ پچڕە پڕ لە زیندەگیە دەڕوات؛ بەڵام ئێستا لەسەر ئاستێکی ڕێکخراو لەناو چامەدا دەیدۆزینەوە، کاتێك ئەو چامانە جیا دەکاتەوە کە بە "فۆرمە" توند و تیژەکان درێژبوونەوە کاتێکە توشی ئیفلیجی دەکەن و ئەو چامانەشی کە لە ماوە کاتیەکە خۆیان ڕزگار دەکەن بە "یاخیبون" نەك تەنها لە دژی بابەتە کاتیەکان هەروەها بە یاخیبوونیشیان لە دژی بابەتە لۆژیکیەکانیش.

ئێستا پێویستە بپرسین کە لەگەڵ چ دژواریەکی قوڵ و لەگەڵ چ جیاوازیەکدا لە ناو هەڵوێستە هزریەکاندا ئەم جەمسەریەتە ڕێکدەکەوێت: ئەوە دژواریەك نییە لە نێوانی دوو "قوتابخانەی" شیعریدا بەڵکە دژواریەکە لە نێوانی دوو خێزانی زهنیدا کە لە هەموو پانتاییەکانی پێشکەوتنی

PDF4Kurd

خولقاندندا دەردەکەون، چامەی پەخشان دەکات بە حەقیقەتێکی ئالۆز کە ناتوانرێ بگەڕێندرێتەوە بۆ "یەك" فۆرمی ڕێکخستنی شیعری و بۆ یەك کۆششی خولقێنەر کە گۆڕانی بەسەردا نایەت. ئەو شاعیرەی کە لەسەر ئەم کەرەستە خاوەی کە ڕستەی پەخشانە کاردەکات، ئەو بەو وێنەیەی کە خۆی خۆشیدەوێ دایدەڕێژێ و مۆرکی تایبەتی خۆی دەداتێ. یان ئەو لە چەند فۆرمێکی دەستنیشانکراودا ئابلۆقەی دەدات، یان ئەو تاقمێ وشە دەوروژێنێت و مەبەستیشی تەواوەتیەکی بێجوڵەیە بەرەو دۆخێ لە ڕێکخراویەتی و جێگیربوون -یان بەرەو ناڕێکیەکی ئاژاوەیی بۆ گەردون کە لە توانایدا دەبێت لە نێوەندیدا جیهانێکی تر دەربهێنێت و جیهانێکی نوێی تر بخولقێنێت.

دوو بەرەو پێشەوە چوونی خولقێنەری تەواو جیاوازتر لە یەکتری هەن. دوو هەڵوێستی دژوار نەك هەر تەنها جوانکاربن بەڵکە میتافیزیقیشن. لە بویەردا ئەم هەڵبەزو دابەزە میتافیزیقیە لە نێوانی ئەم دوو "جەمسەرە"دا گیانی سیستمخوازی و گیانی یاخیبوون، ئەمسەرو ئەوسەرکردنی چامەی پەخشان

PDF4Kurd

لە نێوانی ئەم دوو جەمسەرەدا، ڕێکسختنی هونەری‌و ئاژاوەیەکی کاولکەردا ڕووندەکاتەوە.

PDF4Kurd

٢-هەردوو جەمسەری چامەی پەخشان
ڕێکخستنی هونەری و ئاژاوەیەکی کاولکەر

ئـەوەی کـە گومـانی تێـدا نییـە لـە چامـەی پەخشـاندا "لەیـەك کـاتدا" هـەبوونی هـێزێکی ئـاژاوەگێڕی کاولکـەرە تێیـدا کـە ئـارەزوی لـە ڕەتکردنەوەی ئـەو فۆرمانەیـە کـە لەبـەر دەسـتدان و ئەو هێزە ڕێکخراوەیـەی کـە ئارەزوی لە بیناکردنی "یەکیـەتی"یـەکی شـاعیریە؛ زاراوەی "چامـەی پەخشان"یش خودی خۆی ئیشارەت بۆ ئەو دوانەییە دەکات: کەواتە ئەو کەسەی کە بە پەخشان نووسی لە نەریتەکانی عـەروزی و شـێوازکاریەکان یـاخیدەبێت؛ ئـەو کەسەشـی کـە چامەیـەك بنوسـێ و مەبەسـت خولقاندنی فۆرمێکی ڕێکخراوبێت، داخـراوە لـەناو خۆیداو لە کات جیابۆتەوە، یاخیبونێ هەیە لە خاڵی سـەرەتای چامـەی پەخشـانی -لوزیـوس بـیرتران-دا هـەروەها لـە کۆتـایی "ئیشـراقەکە"دا فۆرمێکـی هونەری هەیە.

PDF4Kurd

له دوای ئەم باسکردنه هیچ گومانێك لەوەدا نییه کە هەڵوێستی بیرتران لەگەڵ هەڵوێستی ڕامبۆدا تەواو له یەکتری جیاوازن؛ بیرتران (لەگەڵ هەموو شاعیره "وێنەییەکان"دا نیازخواز بوو بۆ "خولقاندنی جۆرێك پەخشانی نوێ"، بۆ دۆزینەوەی یاساکانی فۆرمێکی هونەری نوێ کە ئامانجەکانی تەواو جیاوازبن لەگەڵ ئامانجەکانی شیعردا وەك شیعر؛ بەڵام ڕامبۆ (لەگەڵ هەموو شاعیرانی سەرکێشی ڕۆحییدا) ئامانجی "دۆزینەوەی زمانێك بوو" کە بواری تۆمارکردنی خەونەکانی بۆ بڕەخسێنێ و "نادیار بخولقێنێ". لێرەدا ئەم کاره پەیوەندی نییه نەك تەنها بە هەردوو هەڵوێستە جوانکاریەکانەوە، بەڵکە پەیوەندی بە هەردوو ڕێبازی کاردانەوەوە هەیە بەرامبەر بەسیستمی شتەکان ڕێك وەکو خۆی له ناو بویەردا: له کاتێکدا کە کارەکە لە یەك کاتدا پەیوەندی هەبێت بە هەڵوێستە کۆمەڵایەتی و میتافیزیقیەکانەوە.

زۆر جار ئیشارەتمان بەوە داوە کە شیعرەکە وەکو خۆی، شیعری "کلاسیکی" زۆر جار دەگونجێت لەگەڵ هاوسەنگی جەستەو ورەو کۆمەڵایەتیدا کە لەگەڵ مرۆڤ و جیهانەکەیدا ڕێك بکەوێت. مرۆڤی کۆمەڵ

PDF4Kurd

پەروەر لە هەموو کـاتێکدا حـەزی لـە گۆرانیـەکی بـە باشــی کێشــکراو و شــیعری بــێ خــەوش و ئــەو نەغمانـەبوە کـە بوونەتـە وەڵامـی غـەریزە سـاکارە جەوهەریەکــەی نــاخی، هــەروەها غــەریزەی خۆبەستەوەدان بە ئیقاعە جەستەیی و گەردونیەکان بــەرەو خۆشویســتنی سیســتمەکان. "هـ. تومـاس"[٢٤] نوسیویەتی و ئەڵێت: "کێشی شیعری (سیسـتماتیکی) بایەخ بە ئاڵودە بوون دەدات و بیرۆکەی دامـەزراندن دەوروژێنێ و پڕە لە ڕێز و بەلایەنی کەمەوە توخمی هـاوجووتی پێشکەشـدەکات، لـەو ڕادەیەشـدا کـە تیایـا شـاعیر پشـتگوێی دەخـات، ئـەو ڕووە پانتاییــە زیـاتر تــاك ڕەهــەندی و ئاژاوەییــەکان دەڕوات". ئــەتوانین بڕۆین بەرەو ئەوەی کە بڵێین ئەو شاعیرەی کە شیعر دەنوسـێت شـیعرێکی "سیسـتماتیکی" بـە شـێوەیەکی بنەڕەتی و هاوجووت دەبێت لەگەڵ نەك هەر کۆمەڵ بگـرە لەگـەڵ هـەر هـەموو گـەردوندا لـە کاتێکدا کـە شاعیری پەخشـان دژ بـە فۆرمسـازی، لـەم خولقاندنـە یـاخیدەبێت: ئـەو لەبەرئـەوەی کـە "خولقێنــەرە" کاردەکات بە ڕێگەیەکی تـر لـە ڕێگـەی "خولقێنـەری گەردون"ەوە وەك هیگۆ سەربارەی بۆ دەکات و دەڵێت هەرچی لە سروشتدا هەیـە "ئیقـاع و کێشـە؛ کەواتـە

PDF4Kurd

ئێمە هەتاڕادەیەك دەتوانین ئەوە بڵێین كە خوا جیهانی لە شیعر "خولْقاندوە"، بەلاْم شاعیری پەخشان وەك ئەو شاعیرەی شیعر دەنوسێت ئەگەڕێت بۆ باری كاتێك لە فۆرمە ئیقاعیەكاندا و سەپاندنی بونیادێكی ڕێكخراو و عەقلاْنی لەسەری لە ڕێگەی بڕگە شیعرە سیستمیەكان و دووبارە بوونەوەو بیناسازە بازنەییەكاندا، مەبەستی ئامانجەكانی تر نییە تەنها ئامانجەكانی شیعر نەبێت وەك شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا قەرەبوی پێكهاتە عەروزی و دەنگیەكان (بڕگەكان و سەرواكان) دەكات بە چەندین پێكهاتە لە جۆرە جیاوازەكان: هەردوكیان دەست لە ملانی ئیقاعە گەردونیەكان دەكەن، هەردوكیان بە سیستمێكی گونجاو تێكەلاْوی یەكتری دەبن و گۆرانیەكانیان بە گۆرانی گەردونەوە دەبەستنەوە. بە پێچەوانەشەوە شاعیری یاخیبوو لە قەوارەی شتەكان و یاسا كۆمەلاْیەتیەكان و بارە مرۆڤایەتیەكە ڕقی لەم "پێوەندانەیە"، ئەم "ئاشوبە" سركەرانە؛ بە توندو تیژیەوە خۆی دەهاوێتە ناو زۆرترین فۆرمی ئاژاوەگێڕی و كەمترین "كێشی" فۆرمەكانی پەخشانەوە. ئەو كاتە وازدێنێ لەوەی كە ببێتە ڕێگە چارەی پەیوەندیكردنی نێوانی

PDF4Kurd

مرۆڤ و کرداری کۆمەڵایەتی و "گونجاندن" لەگەڵ سیستمە گەردونیەکەدا؛ ئینجا ئەبێتە "ئامێرێکی دۆزەخی" و تاك پێکدەهێنێ بۆ بەربەرەکانیکردنی کۆی خولقاو؛ شیعریە ڕق بوونی لە یاساکانی دانان و عەقڵ ئەو لەو نێوەندەوە ڕقی لەو یاسایانەیە کە جیهان دەبەن بەڕێوە. لە هەمان کاتیشدا هیواخوازە کە جیهانێکی جوانتر و پاکتر لەسەر پاشماوەی جیهانە ناسراوەکە بنیات بنێت، پیرۆزییە ئاسمانیەکان بنیات بنێت هەتا ببێتە ڕێگە چارەیەك بۆ سەرکەوتن و خولقاندنەکەی لەگەڵ یەکتریدا.

ئەم فۆرمی دوەمەی شیعر -ئەو شیعرەی پێشنیاری سەر لە نوێ خولقاندنەوەی زمان و ڕەتکردنەوەی چوارچێوەکانی ئەم گەردونەمان دەکات- بە تێبینیەکی گرنگ باسی لێوەدەکرێت: لەبەر ئەوەی "نا ئاشکراییەکی" جەوهەری تێدایە (...) کە نیگەتیف و کاریگەرە، جادووگەرە، "دۆزینەوەی" نادیارو "خولقاندنە" و لەو کاتەدا نادیاریشە شاعیری دووربین خۆی ئەبینێتەوە بە بەستراویەتیەوە لە نێوانی زەرورەتی سۆفیگەری کە تیایدا شیعر دەکات بە ڕێگە چارەی ئەبستمۆلۆژیا و دۆزینەوە، هەروەها بە یارمەتی ئەو بۆ گەیشتنی بە

PDF4Kurd

حەقیقەتێك كە ئەكەوێتە "دەرەوەی" خودی ئەو، وەها لە شاعیر بكرێت وەك ڕیفیێر دەڵێت: "هەموو جارێك ئەبێت كە بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونەكەی"؛ كە ئەوەش نیازخوازیەكی خوڵقێنەرە كە ڕامبۆ بە دەربڕینێكی سەرسوڕهێنەر دەریدەبڕیت كاتێك كە دەڵێت: "من هەموو جەژنەكانم خوڵقاند، هەوڵیشمدا كە هەموو سەركەوتنەكان و تراژیدیەكان و گوڵی نوێ و ئەستێرەی نوێ و جەستەی نوێی مرۆڤ و زمانی نوێ بخوڵقێنم. لەو باوەڕەشدا بووم كە من دەسەڵاتی لەسەرو سروشتیشەوەم بەدەستهێناوە.(٢٥)

ئەوەی كە گومانی تێدا نییە ئەم نیازخوازیە خوڵقێنەرە ئێستا یان ماوەیەكی دواتر، پاڵ بە شاعیرەوە بنێت "لەبەر ئەوەی شاعیرە"، ڕووە ئارەزوویەك بۆ "پێشەوایەتیكردنی خەونە هەمیشەییەكەی لە بری ئەوەی كە خۆی ببێتە ئامانجێك بۆی"، وەكو ڕامبۆ جاروبار سروشتێكی ئەهریمەنانەی بداتێ كە ڕووە حەتمیەتێكی ڕێژەیی ئەیبات بەرەو هەستكردن بە تەنهایی‌و بێدەسەڵاتی و سەرنەكەوتن.

PDF4Kurd

وا دەردەکەوێت کە شیعر لە توانایدا نەبێت کە جیهان و "گۆڕینی ژیان" لە دوای ئەوەی کە خەونی بەوەوە دەدی کە "ئەستێرەکان ڕێنمایی خۆیان بەم دەکەن".

ئیلوار نوسیویەتی و دەڵێت: "ئەگەر وەها دەرکەوت کە هەر یەك لە بۆدلێر و لوتریامون و رامبۆ تەواو پەشیمان بن، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە تەنهاییەکەیان بێ سنوور بوەو ئەوان بە داخن لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی ڕەهاو ئێستاییان بەسەر جیهاندا نەبوە".(٢٦) لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر چەندە سەرنەکەوتنەکە ڕێژەیی بوە لەبەر ئەوە بوە کە شاعیر خۆی دروستکەریجیهانێکی نوێ بوە کاتێك کە توخمە خامەکانی بە دەستەکانی خۆی گرتوە ئەو توخمە خامانەی کە هێشتا لاوازیشن و "نەست" یان "تێکەڵاوبوونی هەرهەموو هەستەکان" بۆی هەڵدەگرێت"، کاتێك کە یەکیاندەخات و سیستمێکی هیۆریان بەسەردا دەسەپێنێ بەڵام ئەمە بەستراوە بە بینای ناوەوەی جیهانی ئەو وشانەی کە لە یەك کاتدا داهێنان و ڕەنگدانەوەکانیشین.

لەلای شاعیرە "ئاژاوەگێڕەکان" وەك ئەوەی کە لەلای شاعیرە "وێنەییەکان"ە ئارەزوی "ڕێکخستنێك

PDF4Kurd

لەناو چامەدا" هەیە کە شاعیر لە سۆفیگەرێتی جیادەکاتەوە، هەڵوێستێکی کاریگەرو خوڵقێنەر وەردەگرێت: ئەو دۆخە ئاژاوەیەی لێرەدا هەیە تەنها جەختکردنێکی تاك ڕەهەندی هەڵچووەو یەکەم کاتە بۆ سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی گەردون، ئەتوانین بڕۆین بۆ ئەوەی کە بڵێین ئەو دۆخە "ئەوسیستمەی کە ئەمانەوێت دایبمەزرێنین" لە پێناوی ڕەنگدانەوەی "سیستمی" شتەکان وەك هەبوون و ئامادەیی خۆیان، ئاوەها فۆرمێکی ویژە دروستدەبێت کە بێگومان "کۆمەڵایەتی نییە"، بەڵام شێوێنراو و نا ئۆرگانیش نییە. ئێمە لێرەدا کێشکراوین ڕووەو بیرۆکەی "فۆرم"ی شیعری کە دوا زاراوەی هەموو کۆششێکی خوڵقێنەرە، ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ یاسای دەربڕینە مەزنەکاندا یان لەگەڵ یاساکانی کۆمەڵ و گەردوندا ڕۆی. لە کرۆکی چەمکی خودی چامەی پەخشاندا خۆی دوو ڕووگەی جیاوازی دژوار بنەچە دەگرن، ئەو دوو ڕووگە جیاوازە دژوارەی کە بابەتەکە ڕێنمایی و فێرە دەماو دەمیەك دەکەن، کە دوو شێوازی هونەری دژواری لێدەکەوێتەوە: لە "چامەی فۆرمەوە" بۆ "چامەی ئیشراقی" ئینجا ئەبینین بەرهەمی شاعیرانی

PDF4Kurd

پەخشان چۆن بە پێی تاکەکان و سەردەمەکان لە شوێنی خۆیان جێگیر نابن و ئەمبەرو ئەوبەر دەکەن.

PDF4Kurd

٣-هەر دوو شێوازی چامەی پەخشان
چامەی فۆرمسازی و چامەی ئیشراقی

لەلایەکەوە دەبینین کە شاعیرە هۆنینەوە کۆشکەرەکان لە پێناوی خولقاندنی گەردونێکی ڕێکخراودا لە کاتی گەڕانەوەیەکی ڕێکخراوی ڕوداوەکان و فۆرمەکان جەخت لەسەر هەستکردن بە سیستمێکی گەردونیی دەکەن کە لە سەرانسەری گەردوندا بڵاوە؛ لەلایەکی ترەوە شاعیرانی یاخی و داگیرکەران کە لەیەك کاتدا بەردەوامن لەسەر کرداری ڕوخێنەرو خولقێنەر. چۆن ئەم جیاخوازیە شیعریە جیاوازانە یەکگرتنێکی کریستاڵییانەیان تیا دروستدەبێت؟ بە تایبەتی هەردوو جۆر لەم شاعیرانە چۆن وەڵامی ئەو زەرورەتە دەدەنەوە لە گەڕانەوەی نیانرەویی کاتی نوسینە هێلکاریەکان بۆ "ئێستای هەمیشەیی" چامە؟ ئێستا دەستنیشانکردنی هەردوو شێوازی چامەی پەخشان دەبینین ئەوانەی کە ئیشارەتم پێدان: چامەی فۆرمسازی کە بەسەر کاتدا بونیاد و فۆرمێکی

PDF4Kurd

ئیقاعی ڕێکخراو دەسەپێنێ؛ چامەی ئیشراقیش کە سنورەکانی شوێن و کات ئەسڕێتەوە. ئەگەر ڕێگا تایبەتیەکانی ڕێکخستنی شیعریمان پوچەڵکردەوە ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەچاوی ئەو ڕێگایانە دەکەین کە لەناو چامەی پەخشاندا هەیە کە بونیادو فۆرمێك بەسەرتەو ژمەکاتیەکەدا بسەپێنێ کە لە دوو جۆردا پەناگیر دەکرێن: دابەشکردن بەسەر برگە شیعریەکاندا و دووبارە کراوەکان کە بریتیە لە پێداویستیەکان و گەڕاندنەوەی وشەکان یان بابەتەکان و بەرابەرەکان لە هەموو جۆرەکان هەر هەموو ئەم ڕێگایانە لە کاتێکی زۆر زوودا لەلایەن شاعیرانی پەخشانەوە بە کردار بەکارهاتوە، ئەوان زۆر زوو دەستپێشخەربوون لەبەر ئەوەی کە لە فۆرمە مۆسیقیەکانەوە وەریاندەگرت کە بابەتەکەی گەڕان بوو بە شوێن "ملکەچکردنی کات بۆ لازەمەن" و "کارکردن لەسەر لەدایکبوونی هەمیشەیی فۆرمەکە لەناو چەقبەستنی ماوە کاتیەکەدا".

برگە پەخشانیەکانی شیعر (کە لەگەڵ "برگەکانی" گۆرانی، برگە شیعریەکاندا وەك شیعر دەگونجێ) زۆرجار کات بەسەر چەند بەشێکی ڕێکوپێکدا دابەشدەکات، "بۆشاییەکان" یان بێدەنگی

PDF4Kurd

له یەکتری جیایان دەکاتەوە؛ ئەم بێدەنگیە کە ئیقاع ئەخولقێنێ و ئیشارەت بۆ "پەیکەرەگیانیەکە"[٢٧]ی چامەکە دەکات؛ شەپۆلەکانی لەناوماندا پەخشدەکات؛ بە ئاشکرا ئەم بڕگانە لە یەکتری جیا دەکاتەوەو بێدەنگیەکە بواری جیاکردنەوەی "چرکە" جۆراوجۆرەکانی چامەکە دەدات و هەستان بە هەڵبژاردنی چرکە "داله"کان.

شاعیران خۆیان بەو ڕێکخستنە ئیقاعیەوە بەستەوە کە کاریگەری ئەو بڕگانەی لەسەر بوو کە توانیان دابەشکردنی کات بگێڕنەوە بۆ ئەو بڕگە نەغەمیانەی کە ئەتوانرێت بە دێڕە شیعریەکان بشوبهێنرێت کە دابەشکردن بۆ بڕگە شیعریەکان تاکە توخم بوو بۆ جوانکاری ئیقاعی. کەواتە زۆرینەی کات دابەشکردن بۆ بڕگەکان لە چامەی پەخشاندا بونیادی "بازنەیی" بۆ چامە سیستماتیکیە ئیقاعیە داڕێژراوەکەی لەگەڵدا بوو کە لەسەر گەڕانەوەو دووبارە بوونەوەو فۆرمەکانی دووبارەکردنەوەش چەندین جۆر بوون! لەوانە گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ ماوە ڕێکخراوەکان (....) و هێنانەوەی بڕگەی دەستپێکردنەکە لە کۆتاییەکەیدا، کە ڕێگەی دا بە بیرۆکەی شیعری هەتا

PDF4Kurd

لــە دەوری بئــاڵێت و چامەکــە دابخــات، ئەمـــەش تووندبوون و زۆر کردنە لەسـەر بۆچوونـی (بازنـە)و "بازنەی داخراو" (...) لێرەدا کارەکە پەیوەندیـەکی جەوهەری بە "وێنە" دووبارە کراوەکانەوە هەیە، کە بونیادی ئیقاعی لە بری کاتی لێکچوو بەسـەر "کـاتی حـەقیقی" بەرهەمەکەدا دەسـەپێنێ. پێویسـتە کـە ڕۆمان کار لەگەڵ کاتی ئامادەدا بکـات و "گەڕانـەوەی هەمیشـەیی" نیتشـەیی لــە خــودی ڕووداوەکـاندا دەربخـات، هـەتا بـەمجۆرە "کاتـێ لـە دەرەوەی کـاتدا" بخولقێنێت هەروەك چۆن تۆماس مان لە بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکانیدا کاری تێدا کـردوە، بـەڵام ڕوون و ئاشـکرایە کـە هێنانـەوەی وشـە یـان ڕێکخسـتنیان بـە هۆی ڕێکخستنی هزرەکان و سروشتەکانەوە، بۆ نمونە هێنانــەوەی وشــەی "شــیعر"ی دووبــارەوە بــوو لــە چامـەی پەخشـانی بۆدلـێردا بـەوە کۆتـایی دێـت کـە هەسـتکردنێك بـە شـێتێتی و سـیحر "بازنەیـەکی سـیحری" خولقـاندوە کـە لـە نـاویدا چـەمکی کـاتی پوچەڵکراوە تێکەڵاو دەبێت ئێستاو ڕابـوردوو، ژنـانی دۆسـت، زەویـە دوورەکـان، هـەر هـەموویان لـەناو حەقیقـەتێکی نادیـاردا کـە نـاتوانرێت دابەشـبکرێت تێکەڵاو دەبن.

PDF4Kurd

له دواجاردا لەوانەیە ئەوە ڕوودات کە شاعیر خۆیشی لە میانەی چامەکەیدا چەندین جار دەنگە لێکچووەکان یان بەرابەرەکان بهێنێت بەڵام ئەمجارەیان کاتی لێکچوو ڕێکبخات (...) و ڕێگا بەکارهاتووەکانیش هەرچۆنێك بێت، نموونەی باڵای ئەو شاعیرانە لە "گەڕانەوەی هەمیشەیی"دا لە هەر هەموو بارودۆخەکاندا هەمیشە بۆ کۆنترۆڵکردنی کات بوە بەرەو گەڕانەوەی بۆ سیستمێکی ئیقاعی و جێگیربوون لەناو کاتێکی "مۆسیقی"و عەقلانیدا، لە دەرەوەی نیانرەویی گۆڕانە بەردەوامەکە؛ ئەو تەواوەتیەی کە بۆی ئەگەڕێن سروشتێکی بێجوڵەی هەیە: ئەوان ئەیانەوێ بەو ڕێگایانەی کە ڕێگاکانی ڕێکخستنی شیعری نین بەڵام لە ئامانجیاندا لەو دەچن هەتا "لەسەر یەك ئاست لەگەڵ هەمیشەیی"دا جێگیریمان بکەن. چەندین ڕێگەی تر هەن بۆ گەیشتن بە لازەمەنی هەتا خوێنەر لە ناو هەستێکی گەشەکردودا بەوەی کە گومانی لێناکرێت و دەبێت ڕووبدات دەربهێنێت و لە بری گەڕان بە شوێن کۆنترۆڵکردنی کاتدا هەتا بخرێتە ناو فۆرمە خوڵقاوەکانەوە ئەتوانین هەوڵبدەین کە

PDF4Kurd

ڕزگاربببین لێی و نکوڵی لێبکەین و بەیەك باز لە دەرەوەی پانتاییەکاندا جێگیربین: ڕابوردوو، ئێستا، داهاتوو: "ئەوە بازدانێکی بێواتاو بێکۆتاییە" و ناوی "ڕامبۆ"شی پێوە دەمێنێتەوەو دەمانبات بەرەو چەمکی چامەکە ئیشراقیەکە.

لێرەداو لەیەك کاتدا حەقیقەتەکە ئەوەی کە ئەگەڕێتەوە بۆ کەمترین شتی لە تواناداهەیە کە بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە چامەکە لە ژێر فۆرمێکی یەك "یەکە"ی زۆر کورت و تەرخانکراو بۆ دروستکردنی هەستکردن بە شۆك[٢٨] لەلای خوێنەرو هەستکردن بە شۆکی کاتی و زۆر چڕکراوەیی دەردەکەوێت وەك ئەوەی کە "ئەدگار ئالان پۆ" دەیەوێت، "کاتی لێکچوو"ش کە ڕووگەکەی لە هێڵێکی ڕاستدا یان بازنەیەکی داخراودا نیانڕەوت نییە بەڵام خاڵێکی بریسکەدارەو بریسکەیەکی شەفاف و هەنوکەیی هەیە.

ئەمجارەیان بواری مۆسیقا جێدەهێڵین ئەوەی ناتوانێ پێشبکەوێ تەنها لە ناو کات و بە بەکارهێنانی پانتاییە کاتیەکان نەبێت (...) لە هەمان کاتدا لەوە دەکۆڵینەوە کە شاعیرەکە تا ئێستا سەرقاڵ نەبوە بە ڕێکخستنی بەرهەمەکەیەوە بە

PDF4Kurd

ڕێگایەکی وێنەیی پوختەوە زیاتر لەوەی کە کاریگەری هەبێت لەسەر کاتی لێکچوو، کە ئەتوانرێ ناو بنرێ بە "فۆرمێکی پلەدوو". لەوانەیە یەکێك بپرسێت و بڵێت: چۆن بۆیان دەرەخسێت کە کات پوچەڵبکەنەوە؟ ئەبینین کە شاعیرەکان لە دوو ڕێبازدا کۆشش لەوەدا دەکەن: ڕێبازی یەکەم پوچەڵکردنەوەی پانتاییە پوختەکانی کاتی تێدایە و شاعیر دەتوانێ کە وەسفی "خەونێکی" لازەمەنی بکات، وەك ئەوەی کە لە چامەی "سۆفیگەری"ی ڕامبۆدا هاتوە، یان لە چامەی "دڕندە"دا کە بە تەواوەتی دەکەوێتە ئەو دیوی ڕۆژەکان و وەرزەکان و بونەوەرەکان و وڵاتەکان"ەوە، بەمشێوەیە دەگات بەو یەکەیەوە کە ناوی نییەو لەسەر و هەمووشیانەوە" دایکانی دووەمی فاوست" کە "شوێن و کات تیایا بوونیان نییە" یان ئێمە لەو درێژبوونەوە کاتیە بکۆڵینەوە و بەیەك تێڕوانین سەدەکان پێکەوە بگرین وەك ئەوەی کە "هۆگۆ" لە بەردەمی "دیواری سەدەکان"دا کردی.

لە ناو کات و شوێندا ئەو توخمانەی بەستەوە کە لە شارستانیەتە دوورەکانەوە هاتبوون (...) لێرەدا لەلای ڕامبۆ "پێکدادان"ی سەدەمێژووییەکان

PDF4Kurd

"ئێوارەیەکی مێژوویی" و تەنگە ڕێیەکی ناهەموار لە ڕابوردووەوە بۆ ئێستا، لە بویەرەوە بۆ ئەوەی دەتوانرێ کە بکرێت و "خێراییە ترسناکەکەی" ڕووداو دەبینین؛ هەروەها لەلای لوتریامون لەرینەوەی کاتیی قۆناغەکان، بازدانەکان بەسەر کاتدا و لاستیکیەتی کاتەکە کە جارجارە درێژ یان کورت دەبێتەوە؛ دەبینین؛ لەلای هەردوکیان و لەلای بەشی زۆری شاعیرە نوێخوازەکان، وەرچەرخانەکان بەخێرایی لەبەر چاومانا بەدوای یەکتریدا دێن وەك ئەوەی کە لەناو فیلمێکی سینەماییدا بێت دەرکەوتن. یان شاردراوە هەنوکەییەکان و گێژاوی هەموو توخمە بارکراوەکانی ناو جوڵەی لە قبوونی هەموو چەمکە "مرۆڤایەتیەکان"دا بۆ چڕی و بۆماوە کاتیەکە هەتا لە کات و شوێندا بنەچە بگرێ لە کات و شوێندا (...) .

لە بویەردا پوچەڵکردنەوەی شوێن تەنها ڕێبازێکی ترە بۆ پوچەڵکردنەوەی کات لەبەر ئەوەی کە ئەتوانرێ پێوانەی ماوەکان بە ڕۆژو بە مانگ بکرێت، هەروەها ئەشتوانرێ کە بەمەتر بپێورێ، بە پێچەوانەشەوە ئەتوانرێ هەست بە کات بکرێت وەك ئەوەی کە "شوێنێکی هزریە"؛ هەروەك بۆدلێر

PDF4Kurd

دەڵێت: "قوڵیی شوێنەکە، هێمای قوڵیی کاتەکەیە"، وەك چۆن شاعیر لەسەر ڕێبازی نیگارکێشە ئینتیباعیەکان شوێن کورتدەکاتەوە (...)؛ ئەویش ئەو شتانە نزیك دەخاتەوە کە ئاسۆگەی نەوەستاو دووریان دەخاتەوە، ئەو چەندین کەناڵی هەڵواسراو لە پشتی کۆشکەکان و[٢٩] ئەو قۆڵانەی کە "پردێك دروستدەکەن" لەمبەر بۆ ئەوبەری شەقامەکەوە دەبنێت، وەك ئیلوار دەڵێت ئەو: "خوی وێنە هەرە دەگمەن و نا ئاساییەکان" وەردەگرێت. وەك لە هەموو حەقیقەتە جوگرافیاییەکانەوە حەقیقەتێکی شیعری سەر لەنوێ لە شوێنی ئەو بینادەکاتەوە کە هەموو شوێنێکە و هیچ شوێنێکیش نییە (...) گۆڕەپانێکی بێبەزەیی و جاروبار زۆر ئەندێشەییشە کردار دەسەڵاتی بەسەردا نەماوە: لەبەر ئەوەی شاعیر ئەتوانێت کە ڕازی نەبێت بە پوچەڵکردنەوەی شێوازە کاتیەکان بەڵام ڕەتکردنەوەی شێوازە "لۆژیکیەکە، کە ئەگەڕێتەوە بۆ هەمان شت"، کەواتە چەمکە لۆژیکیەکانمان پەیوەندە بە هەردوو چەمکی کات و شوێنەوە، لە تواناشماندا دەبێت کە هەندێکی بڕوخێنین بە بێئەوەی ئەوانیتر دارمێن. ئەگەر نوسەر بە توندیەوە لە بیرۆکەکەیەوە بۆ

PDF4Kurd

بیرۆکەیەکی تر بازیدا، ئایا ئەمە کەمی نییە لەو وەرچەرخانەی کە بێزارمان دەکات بە بەستنەوەیەوە بە بیرۆکەی کاتە پێویستەکەوە بۆ ئامادەکردنی تێپەڕین، لە پڕ کات خۆی بە پوچەڵکراوەیی دەبینێتەوە؟ ئەگەر "لۆژیکی خەون" سەرچاوەی سەرسوڕمانمان بێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە کات تیایدا پێشخراوە یان پوچەڵکراوەیە یان بە پێچەوانەوە بە بێسنووریی درێژبۆتەوە؛ بوونی حەقیقیمان بە جۆرێك بەستراوەتەوە بە کاتەوە کە لێکتری جیا ناکرێنەوە (ئەوەش ڕەهەندی چوارەمی جیهانەکەمانە) هەتا ئەو ڕادەیەی کە ئەم چەمکە نائاشکرایە سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بە سەرجەم دەرئەنجامەکانمانەوەو دیدمانەوە هەیە دەربارەی جیهان. با لە پڕ بیکوژێنینەوەو ببینین کە هەموو شوێنە دەرکەوتوە لۆژیکیەکان ئەمبەرو ئەوبەر دەکەن و درزێکی کوشندە هەتا قوڵایی حەقیقەت گەورە دەبێت و -بە پێچەوانەشەوە- ئێمە ئەگەر بنەما لێکچووە مەزنەکان، بنەما هۆکارییەکانمان پوچەڵکردەوە دەبینین کە کات پەرشوبڵاودەبێتەوە لە میانەی کۆستێکی گەردونیەوە کاتێك کە شاعیر بە تەنها "لە ئاسمانی

PDF4Kurd

ئەو بۆرانەو نیشانەکانی سەرسوڕماویدا" ڕادەوەستێ، ئەو کاتە دەتوانێت کە لەو باوەڕەدا بێت کە لە کات و شوێن ڕزگاری بوەو سەربەستەو وەك یەزدانێکیش نەمرە. ئاراگۆن لە سەردەمی سوریالیزمدا کە نیازخوازییەکانی لە هەموو سەردەمەکانی تر زۆرتر بوو دەنوسێت "سەربەستی لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە سەرسوڕمانی تیا لەدایکدەبێت". کەواتە چۆن لە بویەرێك سەرسوڕماوبین کە بەشی زۆری شاعیرە نوێخوازەکانی لەسەردەمێکدان کە حەقیقەتی ڕۆژانە هەمیشە بێزارکەرە، ئەوان بە ویستی خۆیان (هەر لە جاکوب و بریتۆنەوە تا دەگاتە ئیلوارو میشو) لە ژێر هێمای نالۆژیکیەتدا خۆیان مەلاس دا، کارەکە پەیوەندی بە "هەلکەندنی" خوێنەرەوە هەیەو لەیەك کاتدا ڕزگارکردنی لەو بارەگرانەی کات و لە کۆتی خوە لۆژیکیەکان و دەرهێنانی لە پێوەندەکانی ئەم گەردونە. لەبەر ئەوەی بۆچونێکی سەبارەت بە جیهانێکی تری نامۆو سەرسوڕهێنەر بدەنێ کە تیایا مرۆڤە بەهرەمەندەکان بەوزە نوێکانەوە زاڵ دەبن بەسەر توخمە شلەکەدا لەبری ئەوەی کە ملکەچی یاساکانی بن.. ئەتوانین ئەوە زیادکەین بە تایبەتی

PDF4Kurd

بە دەستپێکردن لە سوریالیەتەوە، جەختی تەوژمێ ئەبینین کە چامە وەك سروشێکی کتوپڕ و خەونێکی "تیژو خێرا" دەرناخات بەلاّم "گێڕانەوەیەکە" ئەگەر قسەکە ڕاست دەربچێت ئەکەوێتە "دەرەوەی کاتەوە"؛ ڕێگەچارەکانی تەکنیکی چیرۆك بەکاردەهێنێت لە کاتی ڕابوردوو، بە دوای یەکتریدا هاتنی ڕووداوەکان کە بە شێوەیەکی ریالیستی گێڕدراوەتەوە) بەلاّم ڕوونی سیستمی ئەم ڕێگەچارانە لێڵدەکات لە پێناوی مەبەستێکی تەواو نامۆ بەو گێڕانەوەیەی کە کورتە چیرۆك یان ڕۆمان بە کاریدەهێنێت، کە ڕێگە چارەی شاعیرانەی مەبەستدارن واتا لازمەنین. لەبەر ئەمە شاعیر مۆدەکاری لەناو نالۆژیکیدا دەکات و ئەو چیرۆکانەمان پێشەکەش دەکەن کە سەرەتاو کۆتاییان نییە، ئەو ڕووداوانەمان پێشکەش دەکات کە لە دەرەوەی هەموو لۆژیکێکەوە بە یەکتریەوە دەلکێن، هیچ شتێکیش پاساوی بۆ ناکات و ناشگاتە هیچ شتێکیش لەناو جیهانێکدا کە جیهانی خۆمانەو بەلاّم لەلای ئەو وەها دەردەکەوێت کە پێی نامۆبێت، بێمانایی خودی ڕووداوەکان و بابەتی ڕووکەشی

PDF4Kurd

گێڕەرەوە بێجگە لە زیادکردنی بۆچوون نەبێت سەبارەت بەنامۆیەتی هیچی تر زیاد ناکات.

ئەم ئەندێشەیەتیە کە ئەندێشەی خەونە کە بەمجۆرە و بە ئەنقەست ئەمانخاتە ناوکاتێکی دەرەوەی کاتەکەوە کە نە هیچ شتێك تەواو دەکات و نەکۆتاییش بە هیچ شتێك دەهێنێت، مەگەر کۆتاییەکە کۆمیدی بێت، جۆرە لۆژیکیەکانیش پەرشوبلاو ببنەوە کە ئەوەش شێوەیەکی کۆششی ئاژاوەگێڕیەو "هەڵکەنەرە" بۆ شیعری نوێ.

هەروەها چامەی ئاژاوەگێڕ ملکەچ نابێت بۆ خوە هزریە لۆژیکیەکان و ملکەچیش نابێت بۆ نەریتەکانی زمان "داهێنانی نادیارەکان پێویستی بە فۆرمی نوێیە". بە تەنها نەریتەکانی شێوازی "شیعری" نییە، بەڵام هەرچیەك کە بە کارێکی هونەری دابنرێت، بەگەڕان بە شوێن سیستەم و بەرابەرەکان و پێداویستیەکان و هاوسەنگیە ئیقاعیەکاندا.. گێژەنی یاخیبوون دەریاندەکات. هەمان هەناسەش بە یەکەوە بەستنی هزرەکان و پێکەوە لکانیان لە یەکتری جیادەکاتەوە بە واتا پێکەوەلکان لەوەسفا و هەرچی تەواو کاریەك کە لە ناوچیرۆکەکەدا هەیە. شاعیرە نوێخوازەکان وەك

PDF4Kurd

ڕامبۆ لــە شــوێنە لێکجیاکراوەکــەدا خۆیــان جێگــیر دەکەن هەتا بــە شــێوەیەکی باشــتر نکۆڵــی جیهانــە حەقیقیەکە بکەن (...) ئەی چۆن لــەناو خــودی ئــەم هەڵوێستە ڕوخێنەرەدا بەرامبەر بە بیرۆکەی کات لــە نیــانرەوتیی ڕســـتەکان و پێکـــەوە بەســـتراوەییان و سیستمی قسەکردن لەسەر قۆناغەکان نادۆزینــەوە؟ بــە شــێوەیەکی تایبــەتی ئــەو ئارەزووکردنــە لــە پوچەڵکردنەوەی کات ببەستینەوە بەو هەموو مەیلە شاعیرانە نوێیەوە بۆ ئەوەی کە بایەخێکی جەوهەری بدەیـن بــە "وشــە" کە بــە "نــاو"ەکــە بەشــێوەیەکی تایبــەتی. کــە شــتێکی تــر نییــە بێجگــە لــە هێمــاو وروژاندنــی بابەتــە ڕەچاوکراوەکــە لــەناو جەوهــەرە (لازەمــەنی)یەکــەی خۆیــدا. کاتــێ کــە "نـــاو"ەکـــە دەچێتــە نــاو ڕەوتــی بڕگەکەوە و بــەرە بــەرە فۆرمــی خۆی لە نێوەندی ئاڕاستەی ڕستەکانەوە وەردەگرێت، بــەڵام ئەگــەر جیامــانکردەوەو ســـەربەخۆیی خــۆی و بریسکە تایبەتیەکەی خۆی دۆزیــەوە ئــەوا ئەبێتــە نـــاوکێکی[٣٠] بریســـکەدارو بـــە سەربەســـتی هـــەموو سروشــە هەســتپێکراوەکان و هزریــەکان پەخشــدەکات کــە پێشــکەوتنی بڕگــە پێکــەوە بەســتراوەکە ئەیخاتــە ژێر سێبەرەوە. ڕامبۆ یەکەم شــاعیر بــوو کــە هەســتی

PDF4Kurd

بەوەکرد و ئەم "دینامیکیەتەی تەقینەوەی وشەی" بەکارهێنا، وەك ج. کراك دەڵێت: بەشە پۆزەتیڤەکەی دواسەدەی شیعری فەڕەنسی. ڕوونم کردەوە کە چۆن بەکارهێنانی ئەو بڕگانەی کە بەهای لاوازییان هەیەو شێوازی "نیشانەکردن"[٣١] و ئاماری ئەبستراکت شاعیرەکان وشەیان جیادەکردەوەو دابڕیان دەکرد لە چنراوکراوە بەکردەوەکراوەکەوە. بڕگەی وەکو: "ئاخ ئەی تەنگانەو ئاشەکانی بیابان، الجزر والرحی[٣٢]، مۆسیقا، وەرچەرخانی شەپۆلەکان، پێکدادانی پارچە سەهۆڵەکان لەگەڵ ئەستێرەکاندا" کە بە واتای گشتی ڕستەکە یەکسان نابێت هێندەی ئەوەی کە یەکسانە بەو زنجیرە ئیشراقیە کورتکراوانەی کە بە پێی ئەندێشەی ئێمە دایدەگیرسێنێ. لێرەدا ئارەزوویەك هەیەو ئەوەندە نابات کە خۆی توندتر دەکات هەتاکو ئەم سەردەمەی ئێستامان، کەواتە وشەی بەهەرەوەر بە بوونێکی زۆر سەربەخۆتر دەبێتە تاکرەهەندیەکی ئاژاوەگێڕ و ملکەچ بۆ یاساکانی پێکهێنان و توانەوە لە شەپۆلی دەماوەدەمیدا ڕەتدەکاتەوە؛ لە ناو سیستمی ڕستەکەدا بە دانراوی نەماوەتەوە هەتا واتا لە "نێوەندی" ئەوەوە بڕوات وەك چۆن کارەبا بە ناو وایەرێکی کارەباییدا دەڕوات،

PDF4Kurd

ئـەو تەنـها بــە بریســکە تایبەتیــە تەنــهایی و ئەســتێرەییەکەی خــۆی دەدرەوشــێتەوە. لەوانەیــە ئیشارەت بـۆ هونـەری ئێستای شـیعری ئـازاد بکرێـت کەرێ بەم جیاکردنەوەیەی وشــە بـدات زیـاتر لـەوەی کە پەخشان لەتوانایدا هەیـە کـە بیکات؛ ئەمـە هەتا ڕادەیەك ڕاستە، هەروەها ئـەتوانین لـەناو ئـەم چامـە کورتەی "ریفیردی"دا ببینـین، کـە بێگومـان وشـەکان "کاردەکەن" لە ناو بیناسازی کۆدا بەڵام بەشێوەیەکی جیاواز لە ڕستەی پێکەوە بەستراو:

نیوەڕۆکە
ئاوێنەکە بریسکە دەداتەوە
خۆریش لە ناو دەستا
ژنێك تەماشای
چاوەکانی و
خەمەکانی دەکات
دیوارەکەی بەرامبەر بریسکەکەی لە دەستداوە
ئـەو قەدکردنانـەی کـە بـا لـە چەرچەفــەکانی
سەرچرپایەکەدا کردی
ئەوەی ئەلەرزێ
مرۆڤ ئەتوانێ لە ژورەکەدا تەماشا بکات
بەسەر وێنەکەدا دەبورێتەوە

PDF4Kurd

هەورێك دەڕواو
بارانەكە(٣٣)

ئەوەی كە گومانی تێدا نییە ئەوەیە كە پەخشان زیاتر پارێزگاری لە پێكەوە نوساوی و "نەغمەسازیەكەی" خۆی دەكات، بەڵام پێویستە كە ڕەچاوی سەرواكان(٣٤) و بۆشاییەكان بكەین. وشە نیشانەكراوەكانیش تەنها ڕێگە چارەی جیاكردنەوەی وشە لە هاوشێوەكەی خۆی بۆ ئەوەی كە بەها "حەقیقیەكەی" بخرێتە سەر بەها "ڕێژەییەكەی" لە ناو ڕستەدا –لە ڕاستیدا ئەگەر قسەكە ڕاست دەرچوو- هەڵوەشاندنەوەی ڕستەكان و لە بڕیەكان و سەرسوڕهێنەریەكان و هێنانەوەی زاراوەكان لەوانەیە هەمان كاریگەری هەبێت (بۆ نمونە) لەم ڕستەیەی ئیلواردا: "سوكەڵەیە، ئەجوڵێیتەوە، دوو سوكەڵە، لم و دەریاكە ئەجوڵێنەوە" (...) ئایا ئێمە هەڵوەشاندنەوەی ڕاستەقینەی ڕستە دەرهێنراوەكە لە ناو تۆزی توخمە جیاكراوو ئاژاوە گێڕییەكاندا دەبینین؟ لەوانەیە لەم دۆخەدا هیچ توانایەك نەبێت بۆ خوڵقاندنی چامەیەك، بەڵام لێرەدا ئاژاوەگێڕی وەك ئەوەی كە لە ڕاستیدا وەهایە، لایەنەكەی تروو ڕووی دوومە بۆ گەڕاندنەوەی ڕێكخستنی جیهانی

PDF4Kurd

شیعری: ئێمە لێرەدا لە بەردەم ئاژاوەگێڕییدا نین، بەڵام ئێمە لەبەردەم سیستمێکی نامۆو ئەو وشانەداین کە شاعیر دایاندەنێت شان بەشانی ڕێکخستنێك کە لە حەقیقەتدا پەیوەندییەکان و ڕوودانی ئاڵوگۆڕییەکان و ئاوازسازیە لێکترجیاکان یان لەگەڵ یەکتردا ڕێککەوتوەکانداین وەك ئاواز و وشەکانیش بە شوێن گۆڕکێی خۆیان یەك ئەویتر دەهەژێنێت. لەسەر ئاستی ڕێکخستنی شیعری (ڕێکخستن لەناو ڕستەیەکدا یان لە بڕگەیەکی شیعریدا یان ڕێکخستن لەناو چامەیەکدا) ئەبینین کە ئەم وشانە "ڕێکدەکەون لەناو کۆمەڵێ پەیوەندیدا وەك ڕێککەوتنی ئەستێرەکان لە ئاسماندا "لە ڕێگەی تیشکی سروشە دەنگی و بینینیە کاریگەرەکانەوە. بە پلەی یەکەم پێکهاتەیەك دەبینین لە "چەند سورەییایەك لە وشەو چەند هێشوویەك لە وشە کە هەر بۆچوون و خولقاندنی "کەشوهەوایەکی" تایبەتی (...) یان تەقاندنەوەی بریسکەیەکی چاوەڕوان نەکراو بە بەیەکدادانی سروشە دژوارەکان! "پشکۆو کەفی دەریا" لە چامەی "دڕندە"ی ڕامبۆدا. بە پلەی دوەم ئەم سورەییایانە ڕێکدەخرێت و دەچێتە ناو پەیوەندیەکانەوە بە پێی

PDF4Kurd

یاساکانی زانستی گەردونناسی تایبەت بە هەر چامەیەك. هەر چامەیەك هەتا چەندیش سەربەخۆ بووبێ لە هزری عەقڵانی، لۆژیکی ناوەوەی خۆی هەیە؛ "ئەتوانرێ لۆژیك بە سەمەرەترین شێتی دەستنیشان بکرێت- ئەم یەکتریخوازیە کاری بلیمەتانەی لێدەکەوێتەوە، وەك ریفیردی دەڵێت: ئێمە رێزی هەستی ساغ دەگرین و ئەو چەمکە شێتانەییەشمان بە دڵە کە لە ناو کەشوهەواکەیدا و لەسەر ئاستەکانی خۆی بە شێوەیەکی لۆژیکی رێکدەخرێت" لۆژیکی ئەم چامەیەی کە بیناکردنی و بوونە ئۆرگانیەکەی دەیداتێ، توخمەکانی بەرهەمەکە کۆدەکاتەوەو ئاراستەی بەرەو پێکهێنانیان دەکات مەبەست و پانتاییەکی دیاریکراویشی بەسەردا دەسەپێنێت ئەشتوانرێ کە لەسەر ئاستی وێنەیی پوخت و جۆرەها بەرابەری وەربگێردرێ کە پەیکەری بەرهەمەکەی لەلا بێخەوش نییە (...). بەڵام ئێمە زۆر جار بە پێی بنەماکانی کلاسیزم لەو چامەیەدا بە قوڵیی هەست بەو "شێواندن"و "لێکهەڵوەشاوەییە" دەکەین ئەوەش بەهۆی رێکوپێکی نزیکی و پەیوەندییە وردەکانی نێوان وشەکان و وێنەکاندا کە لە

PDF4Kurd

نێوەندیـەوە بیرۆکـە شـیعریەکە ڕێکدەخرێـت، بـە جۆرێك کە بەرهەمە تەواوکراوەکە وەك یەك یەکەی تەواو و پێکهاتەیەك دەردەکەوێت کە لە "سروشـێکی هەنووکەییدا" جۆری هەموو توخمـەکان کۆدەکاتـەوە کە شیکاریەکی عەقڵانی لۆژیکی بەشـێوەیەکی پـەرت پەرت نەبێت، دەستناکەوێت.

هەر لـەو بیرۆکـەی دانـان و یەکگرتنـەوە ئـەچین ڕووەو بیرۆکەی هێما بۆ ئـەوەی ڕەچاوی ئـەوە بکـەین کە "چامـەی پەخشـان"ی جـوان هەتاڕادەیـەك بـە بەردەوامی شێوازێکی هێمایی هەیە: بە مەرجێك کـە وشەی "هێما" وەرگرین نەك بە واتا تەسـکەکەی نـاو وەرگێڕانە ئاوەڵ واتاکەی[٣٥] بیرۆکەکە، بەڵام بـە واتـا فراوانترەکەی بێگومان بۆ دەربڕینێکی ئـاوەڵ واتـایی، بـەڵام ناشـگۆڕدرێتەوە بـە وشـەی نـاو زمـانی عەقڵانیەتـەوە، لـە تاقیکردنەوەیـەکی تایبەتیـەوە: لەبـەر ئـەوەی کـە شـێوازێکی دەربڕینـە وەك هـەمان تاقیکردنەوەو وەرناگێڕدرێت (...)

ئەگـەر شـاعیر وتـی "مـن" یـان نـا پەخشـانەکەی شـاعیرانە دەردەچێـت هـەتا ئـەو ڕادەیـەی کـە ئـەزمونێکی خودیـی تیـا دەرکـەوتبێت. لـە ڕاسـتیدا بەرهـەمی شـیعریی دوو جـۆر حەقیقـەتی هەیـە:

PDF4Kurd

حەقیقەتێکی تایبەتی سەربەخۆو حەقیقەتێك کە پەیوەندی بە کەسێتی نوسەرەکەیەوە هەیە؛ لەو کاتەی کە حەقیقەتی شیعری دەبێتە بەکریستاڵبوونێکی شیعری و یەکەیەکی ڕێکخراو ئەوا ژیانەوەیەکی "دووجا" یە بۆ ئەو شتەی کە لە ناخی نوسەردا هەیە. لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە لە چامەیەکەوە بۆ چامەیەکیتر، "ئاوازێکی جەوهەری، شێوەیەکی ژاوەژاو یان کەرپی هەیە"، هەمان "کەشوهەوای زیندەگێتی" (...) گرنگ نییە ئەگەر چامەکە بە شیعر یان بە پەخشان نوسرابێت، بەلأم گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ئەو "نەغمە جەوهەریە" بدۆزینەوە کە ڕەسەنایەتیەکەی پێی دەبەخشێت و ئەیکات بە جیهانێکی چکۆڵەو لەناو جیهانێکی فراوانتردا شوێنێك بۆ خۆی داگیر دەکات. تا چ پلەیەك داوا لە وشەکان کراوە کە بە ڕێبازێکی خودیی نەستی و سەر لەنوێ جیهان بخولقێنێتەوە بە پێی ڕوانینی تایبەتی هەر شاعیرێك و هەتا چ پلەیەك لەو نێوەندەوە نوسەر وە بە شێوەیەکی هەستیاری ئەو توخمانەی کە سەر لەنوێ حەقیقەتە نوێکان پێکدەهێنن، کۆنترۆڵ دەکات؟ ئەمە پرسیارێکی گران و ئاڵۆزکاوە شاعیران و مونەزیرەکان

PDF4Kurd

و هەریەکەیان بە پێی ویست و ئارەزووی خۆیان و بە شێوازە جیاوازەکان وەڵامیان داوەتەوە. هەرچۆنێ بێت شاعیرێك نییە کە بتوانێ باوەڕبهێنێ بەوەی کە کەسێکی هونەروەری پوختەو وشەکان بە پێی پێوانەیەکی ورد بە یەکتریەوە ببەستێتەوە هەتا کاریگەریەکی دیاریکراوی تیا دروست بکات. (وەك چۆن ئەدگار ئالان پۆ لە کاتی دانانی چامە بەناوبانگەکەیدا "قەلەڕەش"وایلێکردین کە دان بە ڕاستی ئەوەدا بنێین؛ هەروەها بە پێچەوانەشەوە، هیچ شاعیرێکیش چەندە "بەهرەمەند" بێت ناتوانێت بە ڕێبازێکی میکانیزمی پوخت بنوسێت بە بێئەوەی کە تیایا بە ئاگابێتەوە، تەنانەت بە بێئەوەی کە پێشی بزانێت هەستە هونەریە ئاشکراکە خۆی ڕێکدەخات و خۆیشی هەڵدەبژێرێت.

ئاوەها دەگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەی ڕێکخستنی هونەری، بە بەراوردکردنی هەردوو شێوازەکەی چامەی پەخشان: چامەی فۆرمسازی یان بازنەیی، چامەی ئیشراق (یان چامەی "ئاژاوەگێڕی") ئێمە بەر پەرچی فۆرم بە نافۆرم و هونەر بەرەتکردنەوەی هونەر نادەینەوە، بەڵام بە هەردوو شێوازی خوڵقاندنە شیعریە جیاوازەکان و هەریەك

PDF4Kurd

لەم دوو شێوازە ڕێکدەکەوێت لەگەڵ هەڵوێستێکی جوانکاری و میتافیزیقی جیاوازدا: شێوازی یەکەم کە ڕێکخستنێکی ئیقاعی و بازنەیی توندوتیژ دەدات بە پەخشان، بایەخێکی زۆرتر دەربارەی هونەری فۆرمسازی و هەڵوێستێکی زۆر هۆشمەندتر و توانستێکی تر دەردەخات، لە هەمان کاتیشدا زانستی جوانکاریە کە لەسەر سیستمێك و کێش بیناکرابێت، لە ئەنجامدا بە هەستکردن بە سیستەم و ڕێکخستنە گەردونیەکە و ئارەزووکردن لە بەشداریکردنی ئەوەدا؛ بەڵام شێوازی دوەم کە شێوازەکانی کات و لۆژیك ڕەتدەکاتەوە و زانستی جوانکاری جیاکراوەو سروشی دژ بە بەستنەوە دانانیەکان و ئیقاعیەکانەوە وەك خۆی لە ڕەتکردنەوەی گەردونەوە داواکاریە تاکەکەسیەکانەوە دێت، ئالێرەوە بەشێوەیەکە دادەمەزرێت و لێرەوە کۆشش هەڵدەستێت بە دۆزینەوەی جیهانێکی تر یان خوڵقاندنی بە سیحرە شیعریەکە. ئاشکرایە کە ئەم دوو سیستمە جوانکاریە کە پێشەنگێتی پشکنینی بەرهەمەکان ئەگەڕێنێتەوە بۆ دیدەکانیان و بە ئاشکرا دەردەکەون، لە حەقیقەتدا هەردووکیان بە تەواوەتی وشك نین، بۆیە خۆمان لە بەردەم کۆمەڵێ بەرهەمی

PDF4Kurd

جۆراوجۆری تایبەتیدا دەبینینەوە کە ئاست و بەرەو پێشەوە چوون و فۆرمەکانیان ملکەچی هیچ جۆرە جیاکردنەوەیەك نابێت؛ لە سەرو ئەوەشەوە ئەوەمان لە بیر نەچێت کە لە بنەچەی هەر هەوڵدانێکدا بۆ چامەی پەخشان توانستێك هەیە بۆ گۆڕانی فۆرمێکی نوێ. تاکەکەسی، لە هەمان کاتدا ئاژاوەگێڕی سەبارەت بەوەی کە پەیوەندی بەو فۆرمانەوە هەیە کە لەبەر دەستدان و هونەریشن لە ڕێکخستنی پەخشان لەناو چامەدا. هەرچۆنێك بێت من لەگەڵ ئەمەشدا لەو باوەڕەدام کە لە چامەی پەخشاندا "جەمسەریەتی"یەکی زۆر حەساس هەیە، ئەو شاعیرانەی کە بەرەو جەمسەری سیستمەکە یان ڕووەو جەمسەری بێ سیستمی دەڕۆن کۆتاییەکەیان بە فۆرمی بازنەیی یان فۆرمی سروشی دێت و لە دوو خێزانی گیانیدا کۆدەبنەوە.

PDF4Kurd

پەراوێزەکان:

(١)ســـەرچاوە فەڕەنســـیەکەی (Poeme en prose)ەوە وەرگێڕانەکـەی بـە شـێوەیەکی وردتـر چامەی پەخشانە، بەڵام بۆ ئـەوەی کـە لـە لای ئێمـە لەسـەر زمانـەو بـلاوە، زاراوەی، چامـەی پەخشـانە ئەمـەش بـە پێـی بـەدوادا چوونـی وەرگێڕانـە پێشینەییەکانی زاراوە فەڕەنسیەکە.

-وەرگێڕی عەرەبی-

(٢)ابيات شيعريه= دێڕە شیعریەکان

(٣)الكلمات الايحائيه= وشە سروش بەخشەکان.

(٤)واقع= بویەر.

(٥)القواعد الجاهزه= بنەما ئامادەکان

(٦)بالاد، سوناتە- شیعری لیریکی –گۆرانی-

(٧)حيويه= زیندەگیەتی

(٨)جسم= تەن

(٩)افتراضي= گریمانەیی

(١٠)ماکسیم دی کامب، "الاغاني الحديثة" کالمان لیفی، ١٨٥٥.

PDF4Kurd

(١١)چامەی (Zone) لە دیوانی Alcools (كحول)، NRF، ١٩١٣.

(١٢)ئێمەش لە زمانی خۆماندا دەڵێین "پەنجە" لە بری "قامك" و "فرمێسك" لە بری "ئەسرین"... هتد -وەرگێڕی كوردی.

(١٣)الغاء= پوچەڵكردنەوە، كەنسڵكردن، Cansle

(١٤)هرطقة= كفر (هرطقە وشەیەكی یۆنانیە)، المبدأ الشعری (وەرگێڕانی لالو، شارلوت ١٩٤٦) لاپەڕە ١٣، ئەزانین كە بۆدلێر ئەم سێ نمونەیەی یان وەرگێڕاوە یان جەوهەرەكەی هێناوەتەوە.

(١٥)بالمقلوب، ١٨٨٤، خانەی پەخشی فاسكیل، ١٩٠٣، لا٢٦٥.

(١٦)زاراوەیەكی مۆسیقیە بە واتای "التضاد النغمی" "الصوتی" و سەنگسازی دەنگەكان (ڤ فن التلحین) وەرگێڕی عەرەبی.

(١٧)اللامعكوسیە= ناپێچەوانەكراوەكان.

(١٨)الزمن الماثل= كاتی لێكچوو.

(١٩)لێكۆڵینەوەكەی ریفیر لەسەر "روایە المغامرات" كە گۆڤاری "گۆڤاری فەرەنسی نوێ" مایس و حوزەیران و تەمووزی ساڵی ١٩١٣ دا

PDF4Kurd

بلاویکـردەوە زۆرباسـی لێوەکـراوەو کەوتۆتـە نـاو دانـراوی بونیادی "ڕۆمان و شـیعر" و بـە تایبـەتی (ل٨٦، ل٢٢٤-٢٢٨)

(٢٠)تاملات و مقترحات على الشعر الفرنسی" لـە "مواقف و مقترحات" NRF ١٩٢٨، بەشی یەکەم، ل١٧٧ پێویستە ئـەوەش بلێـین کـە کلودیـل خۆشـنودی لـە فـیرجیل دا بکردایـە "سـەرکەوتنی تـەواوەتی ئـەو بەرهەمە شیعریە سەرسوڕهێنەرە" ئەوا ئەو یەکسەر ئیشارەت بـۆ یـەکێك لـە مەترسـیەکانی ئـەم کێشـە ڕێکخراوە دەکات کە لە دووبارەبوونەوەیەکی خاودا خـۆی دەبێنێتـەوەو ئـەڵێت: "ئاسـان نییـە کـە بـە بەردەوامی خەوتنی موگناتیسی ئەنجام بدەین، بـەڵام زۆر بە ئاسانی ئەتوانین خەو لێخستن بێنینەدی.

(٢١)جمکە= دوانە

(٢٢)پەخشانی واتاگەرایی= النثر الاستدلالي.

(٢٣)قطبية= جەمسەرسازی.

(٢٤)"الانحراف" خانەی پەخشی منوی ١٩٤٨. ل١١١.

(٢٥)"وداع" لـە "فصـل في الجحيـم" سـەرجەمی بەرهەمەکان، ل٢٢٩.

PDF4Kurd

(٣٦)"avoirn Donner" ل١٦٣، كـــاروج لـــە دانراوەكەیدا "الیوار و كلودیـل" خانـەی پەخشی دی سوی، ل٧٥.

(٢٧)پەیكەرە گیانیەكە= الهیكل الروحی.

(٢٨)شۆك= صدمە.

(٢٩)شاپیهات/ كوشك، كابینە.

(٣٠)ناوك= نواە

(٣١)نیشانەكردن= التاشیر.

(٣٢)الجـزر والرضـی= ئـە واتایانـەی لای خـوارەوە لە خۆدەگرێت:

-الجزر= گوێزەر

الجزر= قوربانی.

الجـزر= زەویەكە شـەپۆل خـۆی پیـایدا دەدات و لێیەوە دەگەڕێتەوە

الرحی= دەستاڕ

-وەرگێڕی كوردی

(٣٣)"نـور" ("مصـادر الریـح" لـە "یدعاملـە")ی میركیر دوفرانس ١٩٤٩، ل٢٢٥.

(٣٤)سەروا= فاصلە، لـە زانستی عـەروزدا بریتیـە لـە سێ پیتی بـزۆز كـە "ساكن"ێك بـەدوایدا دێـت،

PDF4Kurd

بەڵام لە "سجع"دا لە جێی سەروا (قافیە) لە شیعردا دێت. -وەرگێڕی کوردی-

(٣٥)المجاز= ئاوەڵ واتا، بەلاتینی میتافۆرم.

زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

ناوی کتێب	نوسینی	وەرگێڕانی
١-ژن لە شیعرو ژیانی مندا	نزار قەبانی	جەمال غەمبار
٢-نیچە	پۆڵ ستراتێرن	ئازاد بەرزنجی
٣-سوڕی مانگانەی ژن	مارتن لۆدڤیك	ئەکرەم قەرەداغی
٤-دیکارت	پۆڵ ستراتێرن	ڕەئوف بێگەرد
٥-بیری ئاینی کۆن لە میزۆپۆتامیادا	د. تەقی دەباغ	یاسین عومەر
٦-ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی	دیاینی. دەچز. ئبرامز	عەتا قەرەداخی
٧-ئایین و کەسایەتی	ل. پاڵس	ئاوات ئەحمەد
٨-هەشت نامە	گۆنتەرگراس- کینزابۆرۆئۆ	شوڕش جوانڕۆیی
٩-ئانارشیزم	د. مستەفا ڕەحیمی	ڕێباز مستەفا
١٠-کۆمارە کوردییەکەی مەهاباد	ئارچی ڕۆزفلێت	ئەکرەم قەرەداخی
١١-دەربارەی دیالێکتیکی ڕۆشنگەری	موراد فەرهاد پوور	بەختیار سەجادی
١٢-پۆزش	ئەفلاتون	ئاوات ئەحمەد
١٣-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەکان	ئایزایا بەرلین	کامیل محەمەد

PDF4Kurd

چامەی پەخشان ٧١

لە ڕۆژئاوادا.

١٤-هونەری نیگارکێشان.... شمیدت دیجینەر وەهبی رەسوڵ